چاپی ئەزموونی

وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان ٥

## پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی
## کتێبی قوتابی


ئامادەکردنی

عبدالله رشيد حسن | جمال عمر عبدالله | د.نبيل فتحى حسين

عـمـر علي شريف | يوسف عثمان حمد | كاوه عـمـر حـمـد



بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان بە سوپاسەوە تێبینی و پێشنیارەکانتان دەربارەی ئەم کتێبە لە ڕێگەی ئیمێلی: bgprogram@moe.gov.krd وەردەگرێت

وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا بە خوێندنی ئەم پرۆگرامە لە چەند قوتابخانەیەکی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان بەشێوەی ئەزموونی بەگوێرەی فەرمانی وەزاری ژمارە (١٥٣٤٨) لەڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٠) لەسەرەتای ساڵی خوێندنی ٢٠١٩ - ٢٠٢٠

گشت مافەکانی ئەم کتێبە بۆ وەزارەتی پەروەردە پارێزراوە

سەرپەرشتیاری زانستی چاپ: د.نبیل فتحی حسین
سەرپەرشتی هونەری چاپ: عثمان پیرداود کواز - ئاری محسن أحمد
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ڕەوەند سعید صابر
ژمارەی سپاردن:
تیراژ:
چاپ: چاپخانەی

چاپی یەکەم | ٢٠١٩ زاینی | ١٤٤٠ کۆچی | ٢٧١٩ کوردی



# کوردستان
# نیشتیمانی ئاوەدانی

## هۆکارەکانی خوێندنی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی:

لە کاتێکدا کە ئێمەی کوردستانی بە تامەزرۆیەوە باسی گرنگی کارامەیی و بەهاکان لە بونیادنانی داهاتووی گەلەکەمان و کۆمەڵگەیەکی تەندروست و کەسایەتی منداڵان دەکەین، لە سەردەمێکی پڕ لە ئاڵوگۆڕی خێرا و سەرسوڕهێنەردا دەژین کە ڕەنگە تێپەڕاندنی ئەو سەردەمە بەبێ گەشەپێدانی پەروەردە و فێرکردن و گۆڕانکاریکردن لە پرۆگرامەکانی خوێندندا ئەستەم بێت، بۆیە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا لە پرۆگرامەکانی خوێندن، بۆ قۆناغی بنەڕەتی بابەتێکی نوێ زیاد بکات، لە هۆکارە بەرچاوەکانی ئامادەکردن و خوێندنی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان ئەمانەی خوارەوەن:

- داواکاری کۆمەڵگەی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕاپۆرتەکانی دەزگەکانی ڕاگەیاندن بۆ پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن بە مەبەستی گونجاندن و دەوڵەمەندکردنی بە بنەماکانی مرۆڤایەتی.
- جێبەجێکردنی دیدگای هەرێمی کوردستان، لە پێناو تواناداركردنی هاووڵاتیان بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان و پاڵپشت بێت بە بەها و چەمکە مرۆڤایەتی و دیموکراتییەکان.
- یەکێک لە ئامانجە پەروەردەییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، بەهاکانە. ئەو بەهایانەی دەبێت ببێتە بەشێک لە ڕەفتار و ڕەوشتی نەوەکانی داهاتوو، واتە دارشتنی کەسایەتی نەوەی دوارۆژ، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی پەروەردە بە پرس و ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان و هاوبەشەکانی لە ڕێگەی ئەنجامدانی کۆڕ و کۆبوونەوە و سەکۆیکار، بڕیاردرا پێداچوونەوە بە سەرجەم پرۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی بکات.

بە لە بەرچاوگرتنی دەستپێشخەریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان (یونیسێف) بە ناوی ((فێربوونی کارامەییەکانی ژیان و هاووڵاتیبوون لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقیا)).

کاوە عمر حمد
بەڕێوەبەری گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

تەوەرە سەرەکییەکانی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، هەروەک لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە لە قۆناغی بنەڕەتی چوار بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێت.



# پێشەکی

کاتێـک پرۆگرامـەکان کەرەسـتەی گۆڕانکارییەکانـی پـەروەردە و ئامانجـی سەرخسـتنی پەروەردەیەکی دروستە، ئـەوا پرۆگرامـەکان لـە خەسڵەتی تایبەتـی و گشـتییدا زانستێکە ڕێسا وچەمکی خـۆی هەیـە.

هەوڵـدرا بـە پلانێکـی تۆکمـە هەمـوو گۆڕانکارییەکانـی پرۆگرامـەکان لـە بەرژەوەنـدی تاکێکی تەندروست بێت هاوتەریب لەگـەڵ پرۆسـەی پێشکەوتنی زانستیی و کۆمەڵایەتـی ئابـووری بـە لەبەرچـاو گرتنـی تایبەتمەنـدی کولـتـوور و ڕۆشـنبیری لە ژێـر ڕەهەندەکانی نیشـتیمان و ئاشـتی جیهانـی.

لـە سـەرەتادا ئـەم هەوڵـە فێربوونـە دەربـارەی پەیڕەوکردنـی کارامەیـی و بەهـا و چەمکە کۆمەڵایەتییـەکان. هەوڵـدرا شـێوازە کلاسیکیەکە تێپەڕێنیـن زیاتـر بـوار بـە خـودی منداڵ بدرێـت لـە ڕێگـەی تێگەیشـتن و وەرگرتـن و جێبەجێکردنـی کارامەیـی و بەهـا و زانستە کۆمەڵایەتییـەکان ئـەوان خۆیـان لـە ڕەفتاریانـدا پێشـەنگی گۆڕانکارییـەکان بـن بەهـۆی تاقیکردنـەوەی چالاکییـەکان و وروژاندنـی پرسـیاری کۆزانیـاری و پـڕۆژە هاوبەشـەی نێـوان خۆیـان. لـە ڕێگـەی بابەتەکانـی ئـەم کتێبـەوە دیـدی تایبـەت بـە خۆیـان هەبێت بـۆ ئاینـدە و سـەرکردایەتی گۆڕانکارییـەکان بکـەن.

**مامۆستای بەڕێز:** ئـەم پرۆگرامـە بـۆ تاقیکردنـەوە نییـە، ئامانجـی فێربوون لـەم پرۆگرامە ئەوەیـە قوتابیـان کاراکتـەری سـەرەکی بابەتەکانـن لـە ڕێگـەی چالاکـی و بیرکردنـەوە و گفتوگۆکـردن و ڕاهێنانـەوە، بـا خۆیـان سەرپشـک بـن لـە چۆنیەتـی ئەنجامدانـی. کاری

بەڕێزتـان بەشداریکردنە لـە ڕێگـەی سەرپەرشتیکردن و دابەشکردنی ڕۆڵە سـەرەکییەکان لـە کات و چالاکییەکانـدا.

**دایک و باوکی بەڕێز:** ئـەم پرۆگرامـە ڕۆڵـی ئێـوە کارا دەکات چـۆن ئێـوە بەشـێکن لـە بەرەوپێشـبردنی کارامەیـی و بەهـاکان بەشـداربن لـــە چالاکـی و وەڵامدانــەوەی ئــەو پرسـیارە بوێرانــەی کــە منداڵەکانتــان لەگەڵتــان هاوبــەش دەبــن.

**قوتابیانی بەڕێز:** ئەمـە هەوڵێکـە بـۆ چالاکبوونـی تواناکان و کارامەییـە خودییەکان،کـە خـۆت بەشـێک بیت لـە گۆڕانکارییـەکان بـە گیانێکـی سـەرکردە تێڕوانینـەکان بـۆ ئایندە بەرنامەڕێـژ بکەیـت، سـەرجەم چالاکییـەکان  کاری ڕۆژانـەی تۆیـە کـە لـەم پرۆگرامـە خراوەتـە ڕوو بۆیـە ئاراسـتەی هەمـوو تێگەیشـتنەکان لـە چالاکییـەکان لـە بیرکردنـەوەی تۆدایـە تەنهـا کاری ئێمـە ڕێکخسـتن بـووە بـە پێـی کات و شـوێنی پێگەیشـتنی هـزر و بیـری تـۆی بەڕێـز.

بێگومـان لـە کاتـی جێبەجێکردنـی ئەم پرۆگرامـەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت دەبینەوە، بـەڵام بـە هاوکاریـی هەمـوو لایـەک هەوڵدەدرێـت هەمـوو شـتێک لـە بەرژەوەنـدی منداڵ بێـت و هەرخـۆی چەقـی فێربوونـی گۆڕانکارییـەکان بێـت، چونکـە ئـەم پرۆگرامـە بـە پێـی پێوەرەکانـی بەڵگەنامـەی پرۆگرامـەوە ئەنجامدراوە.

**ئامادەکاران**

# ناوەڕۆک

## بەشی یەکەم هاووڵاتیبوون (نیشتیمانەکەم)


| یەکە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| نیشتیمان | ١٢ |
| من و نیشتیمانەکەم | ١٦ |
| سنووری نیشتیمانەکەم | ٢٠ |
| خۆشەویستی نیشتیمان | ٢٤ |


## بەشی دووەم مافەکان (مافەکانم)


| یەکە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| مافە مەدەنییەکان | ٣٠ |
| مافە کۆمەڵایەتییەکان | ٣٤ |
| مافە ئابوورییەکان | ٣٨ |
| مافە ڕۆشنبیرییەکان | ٤٢ |

## بەشی سێیەم
## کارامەییەکان (کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان)


| یەکە | | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| داواکردنی یارمەتی | ........ | ٤٨ |
| ڕادەربڕین | ........ | ٥٢ |
| ڕاجیاوازی | ........ | ٥٦ |
| داوای لێبوردنکردن | ........ | ٦٠ |


## بەشی چوارەم
## بەهاکان (بەها کۆمەڵایەتییەکان)


| یەکە | | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| بوێری | ........ | ٦٦ |
| جێبەجێکردنی بەڵێنەکان | ........ | ٧٠ |
| خاکەڕایی | ........ | ٧٤ |
| ئارامی | ........ | ٧٨ |

## بەشی یەکەم

# هاووڵاتیبوون (نیشتیمانەکەم)


١ نیشتیمان

٢ من و نیشتیمانەکەم

٣ سنووری نیشتیمانەکەم

٤ خۆشەویستی نیشتیمان


### ماوەی جێبەجێکردن

ژمارەی هەفتە: ٤

ژمارەی بەشەوانە: ٨

## ئامانجەکانی فێربوون

١-قوتابی لە واتای: نیشتیمان، هاونیشتیمانی، هاووڵاتیبوون و نیشتیمانپەروەری تێدەگات.

٢- گرنگیی نیشتیمان و گرنگترین ئەرکەکانی سەرشانی بەرامبەر نیشتیمان دەزانێت.

٣- گرنگیی کوردستانی کۆن لە ڕووی شارستانییەوە پەی پێدەبات و هەندێک لە شوێنەوارەکانی دەژمێرێت.

٤- پێکهاتەکانی نیشتیمانەکەی لە یەکتر جیادەکاتەوە و نموونە بۆ سیمبولەکانی نیشتیمانەکەی دەهێنێتەوە.

٥-ناوی پارێزگەکانی هەرێمی کوردستان و پایتەختەکەی دەزانێت و ئەو دەوڵەتانەی کە هاوسنووریەتی دیاریان دەکات.

٦-ئەو دەروازە سنوورییانەی کە هەرێم بە هەریەک لە: تورکیا، ئێران و سوریا دەبەستێتەوە دیاردەکات و ئەرکەکانیان دەخاتە ڕوو.

٧- لە واتای خۆشەویستی نیشتیمان تێدەگات و دەزانێت چۆن ئەو هەستی خۆشەویستییەی دەربڕێت.

٨-هۆکارەکانی خۆشەویستی نیشتیمان شییدەکاتەوە.

یەکەی یەکەم

# نیشتیمان

## بیرۆکەی سەرەکی

نیشتیمان ئەو خاکەیە، کۆمەڵە خەڵکێک بە هاوبەشی تیایدا دەژین. لەو خاکەدا لەدایک دەبن و هەموو قۆناغەکانی ژیانیانی تێدا بەسەردەبەن، هەمیشە لە کۆششدان بۆ خزمەتکردنی، سوود لە خێروبێری وەردەگرن، خۆشەویستییەکەی دابەشدەکەن، بەرگری لێدەکەن و ئاسایشەکەی دەپارێزن. نیشتیمان ئەو ماڵە گەورەیە، کە هەموو ڕۆڵەکانی بە جیاوازیی (ڕەگەز، زمان، بیروباوەڕ) کۆدەکاتەوە و هاوبەشێکی ڕەسەنە، خۆشەویستی و ئینتیما بۆ خاک کۆیاندەکاتەوە.

هاونیشتیمانی زاراوەیەکە بەو خەڵکانە دەگوترێت، کە لە سەر خاکی نیشتیماندا دەژین، هەرچی چەمکی هاوڵاتیبوونە مانایەکی یاسای هەیە و بە واتای بەرپرسیاربوونە لە ئاست ئەرکەکانی لە بەرامبەر نیشتیماندا. هەرچەندە ئاستی هەستکردنی بەرپرسیارێتی هاونیشتیمانی بەرزتر بێت و ئەرکەکانی بەجوانی جێبەجێبکات، خەسڵەتی هاوڵاتیبوونی بەرزتردەبێت.

## چالاکیی پۆل

پ١ دانانی نیشتیمان بە (ماڵە گەورەکە) شیبکەوە؟

پ٢ چی ڕۆڵەکانی نیشتیمان کۆدەکاتەوە و بۆچی؟

پ٣ چۆن خەسڵەتی هاوڵاتیبوون لە تاکەکاندا بەدی دەهێنرێت؟

## وشە بۆ فێربوون

بیروباوەڕ،
بەرپرسیارێتی،
ئەرکەکان،
پەناگە،
دڵسۆزی.

**بیردەکەمەوە** ئەم وشانەی خوارەوە ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی پێناسەی نیشتیمانپەروەریی بکەم:




**نیشتیمانپەروەری** ..........................................................................................

..........................................................................................

**نیشتیمان کۆماندەکاتەوە**

## زانیارییەکانم بەهێز دەکەم

دوای ئـەوەی لـە واتـای نیشـتیمان و ئـەو زاراوانـەی پێیـەوە پەیوەسـتن، وەک: هاونیشـتیمانی و هاووڵاتیبـوون و نیشـتیمانپەروەری تێگەیشـتین، پێوسـتە بزانیـن، کـە نیشـتیمان پێویسـتییەکی ژیانەکییـە و کـەس بەبـێ نیشـتیمان ناژیـت، چونکـە داڵـدە و پەناگەیەکـی ئارامـە بـۆ ڕۆڵەکانـی و ئـەو شـوێنەیە کـە هەسـتی ئۆقرەبـوون و دڵنیاییـان پێدەبەخشـێت. سـەرچاوەی خـۆ پێهەڵدانـەوە و شـانازیکردنە و بەهایـان بەرزدەکاتـەوە و شـکۆیان دەپارێزێـت و ئـەو ماڵـە گەورەییـە کـە خـزم و خۆشەویسـت و هاوسـێ و ئەوانیتـر کۆدەکاتـەوە.

لەبەرئـەوە پێویسـتە ڕێـز لـە بەهـای نیشـتیمان بگریـن و ئەرکەکانـی سەرشـانمان بەرامبـەری جێبەجێبکەیـن، لـە پێـش هەموویانـدا دڵسـۆزی بـۆ نیشـتیمان و پابەندبـوون بـەو یاسـا و سیسـتەمانەی کـە دادەنرێـن، هەروەهـا موڵکـی گشـتیی بپارێزیـن و وێنەیەکـی جوانـی نیشـتیمانەکە لـە نـاوە و دەرەوە پێشـکەش بکەیـن و تێبکۆشـین بـۆ ئـەوەی لەنـاو وڵاتـان پێگـەی خـۆی هەبێت، لـە هەمـوو ئەمانـەش گرنگتـر ئەوەیـە ئاسـایش و ئارامیـی نیشـتیمان بپارێزیـن و بەرگریـی لێبکەیـن.

## ئەرکی ماڵەوە

پ١ مەبەست لەم زاراوانە چییە؟
١- نیشتیمان ٢- هاونیشتیمانی ٣- هاووڵاتیبوون

پ٢ ئایا نیشتیمانپەروەری دیاردەیەکی ئەرێنیە؟ بۆچی؟

پ٣ ئـازاد دکتۆرێکـی خەڵکـی کوردسـتانە، لەبـەر لێوەشـاوەیی لـە وڵاتێکـی ئەورووپـا خەڵاتکـرا. ئـازاد چ ئەرکێکـی سەرشـانی لـە بەرامبـەر وڵاتەکـەی جێبەجێکـردووە؟

## سەرنجدەدەم و وەڵامدەدەمەوە

**بۆ هەر یەک لەم وێنانە دەستەواژەی گونجاو هەڵبژێرە:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| پابەندبوون بە یاسا و سیستەمەکانەوە | پاراستنی موڵکی گشتی | هەوڵدان بۆ پێشکەوتنی نیشتیمان | بەرگریکردن لە نیشتیمان |









**نیشتیمان ئارامیمان پێدەبەخشێت**

# یەکەی دووەم
# من و نیشتیمانەکەم

## بیرۆکەی سەرەکی

کوردستانی کۆن زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و خۆرهەڵات و باکووری میزۆپۆتامیا (دۆڵی دوو ڕووبار) دەگرێتەوە، وڵاتێکی دێرینە و لانکی شارستانییەتە کۆنەکانە. مرۆڤ بۆ یەکەمجار لە گوندەکانی کوردستان کشتوکاڵی کردووە، یەکێک لەو گوندانە (چەرمۆ)یە و کەوتۆتە نزیک شارۆچکەی (چەمچەماڵ) و گوندی (نمرکێ) کە دەکەوێتە باشووری شاری (دهۆک). ئەمرۆ کوردستان لە کەلەپور و پاشماوەی دێرینی وەک: ئامرازەکانی ڕاوکردن، کشتوکاڵ و کاری ڕۆژانەی ناوماڵ زۆر دەوڵەمەندە، کە بەڵگەن بۆ ئەوەی باپیرانمان خاوەن شارستانییەت بوون.

لە کوردستان پێکهاتەی جیاوازیی نەتەوەیی وئاییني وەک: (کورد، تورکمان، عەرەب، موسڵمان، کریستیان، شەبەک، ئێزیدی و کاکەیەکان) دەژین، هەریەکەشیان خاوەنی دابونەریتی خۆیانن.

## وشە بۆ فێربوون

میزۆپۆتامیا،

شارستانییەتەکان،

قەڵا،

پایتەخت،

ئەشکەوت.

## چالاکیی پۆل


پ١ لە ڕووی جوگرافییەوە کوردستانی کۆن کوێ دەگرێتەوە؟

پ٢ دوو نموونە لەسەر گوندە سەرەتاییەکانی کوردستان دیاری بکە؟

پ٣ گرنگترین پێکهاتەکانی کوردستان بژمێرە؟

## بیردەکەمەوە

ئەم وشانەی خوارەوە ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی پێناسەی هەرێمی کوردستان بکەم:




**هەرێمی کوردستان** ..........................................................................................

..........................................................................................

## زانیارییەکانم بەهێز دەکەم

کوردستان بە شوێنەوارە دێرینەکانی بەناوبانگە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ شارستانییەتی دێرینی ئەم نیشتیمانە، لەوانەش قەڵای (هەولێر) لە شاری (هەولێر) کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە و تەمەنی زیاتر لە (٦) هەزار ساڵە. ئەشکەوتی (هەزار مێرد) لە پارێزگەی (سلێمانی) و پردی (دەلال) لە شارۆچکەی (زاخۆ). ئەم شوێنەوارانەش لەلایەن لیژنەی کەلەپوری نێودەوڵەتی سەر بە ڕێکخراوی «یونسکۆ» ڕاستاندنی بۆکراوە و هەندێکیان لە لیستی پێگەی کەلەپوری نێودەوڵەتی دانراون. هەروەها کوردستان بە سیمبولی گەورە لە زانای ناودار و ئەدیب و شاعیران دەناسرێتەوە، کە مێژوو بە نەمری تۆماریکردون وەک: ئیبن موستەوفی، مەلای جزیری، خانی، نالی... ئەوانیتر.

## ئەرکی ماڵەوە

**پ١** جیاوازیی ڕەگەزی، ئایینی، زمانی و هزری هاونیشتیمانیانی کوردستان لەبەردەم خۆشەویستیان بۆ نیشتیمانەکەیان نەبۆتە بەربەست. بە هاوکاریی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت ئەمە شیبکەوە؟

**پ٢** بە هاوکاریی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت، دوو ڕێگەی پاراستنی شوێنەوارەکانی کوردستان بژمێرە.

**پ٣** بە هاوکاریی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت سێ شێوازی دەربڕینی ڕێزگرتنی سیمبولە نیشتیمانییەکان لە زانا و ئەدیب و شاعیران، باسبکە.

**سەرنجدەدەم و وەڵامدەدەمەوە** بۆ هەر یەک لەم وێنانە دەستەواژەی گونجاو هەڵبژێرە:

هاووڵاتیەکی کورد | هاووڵاتیەکی عەرەب | هاووڵاتیەکی تورکمان | هاووڵاتیەکی ئێزیدی









**کوردستان پێکهاتە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە**

يەكەی سێیەم

# سنووری نیشتیمانەكەم

## بیرۆكەی سەرەكی

هەرێمی كوردستان لە چوار پارێزگا پێكدێت، بریتین لە: (هەولێر) كە پایتەختی هەرێمە، (دهۆك)، (سلێمانی) و (هەڵەبجە). هەرێمی كوردستان لە خۆرهەڵات هاوسنووری ئێرانە بە زنجیرە چیاكانی زاگرۆسەوە، لە باكووریش هاوسنووری توركیایە بە زنجیرە چیاكانی تۆرۆسەوە، لە خۆرئاواش هاوسنووری سوریایە، باشووریشی ناوچەكانی تری عێراقە. هەرێمی كوردستان بەچەند دەروازەیەكی سنووری بە وڵاتە دراوسێكانی بەستراوەتەوە. دەروازەی (فیشخابور) لە پارێزگەی (دهۆك) دەروازەیەكی فەرمییە لەگەڵ (سوریا). دەروازەی (ئیبراهیم خەلیل) لە سنووری پارێزگەی (دهۆك) گەورەترین دەروازەیە لەگەڵ (توركیا) و دەروازەی (حاجی ئۆمەران) یش لە پارێزگەی (هەولێر) چالاكترین دەروازەیە لە سنووری (ئێران)، جگە لەمانەش دەروازەی (باشماخ) دەكەوێتە پارێزگەی (سلێمانی) و دەروازەی (پەروێزخان)یش دەكەوێتە سنووری كارگێڕی (گەرمیان). لەگەڵ عێراقیش بە چەند شارێیەكی سەرەكییەوە بەستراوەتەوە. سنوورەكان ئەركی جۆراوجۆری وەك: پاراستنی تەناهی و ئابووری و ڕۆشنبیریان هەیە. چەندین ناوچەی دیكەی كوردستانی هەن بەهۆی كێشەی سیاسیەوە نەتوانراوە بەتەواوی بخرێنە سەر سنووری كوردستان، بۆ نموونە شاری كەركوك.

## چالاكیی پۆل

پ١ ناوی ئەو پارێزگەیانە چییە كە هەرێمی كوردستانیان پێكهێناوە؟

پ٢ گرنگترین دەروازە سنووریەكانی هەرێمی كوردستان بژمێرە؟


پ٣ گرنگترین كار و ئەركەكانی سنوور بژمێرە؟

## وشە بۆ فێربوون

پارێزگە،
دەروازە،
ئاڵوگۆڕ،
بازرگانی،
ناسنامەی
ڕۆشنبیریی.

## بیردەکەمەوە

ئەم وشانەی خوارەوە ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی پێناسەی سنوور بکەم:




**سنوور** ..............................................................................................

..............................................................................................

**پاراستنی نیشتیمانەکەم ئەرکێکی ئاکارییە**

## زانیارییەكانم بەهێز دەكەم

جـۆر و ژمـارەی دەروازەكان لەگـەڵ دەوڵەتـە دراوسـێكانی هەرێمـی كوردسـتان، بەتايبـەت لەگـەڵ توركيا و ئێران بۆتـە مايـەی ئـەوەی ئـابووری هەرێم بەهێزبێـت، درێـژی سـنووری نێـوان توركيـا و هەرێـم (٣٥٠) كيلۆمەتـرە، دەروازەی (ئيبراهيـم خەليـل) گرنگتريـن دەروازەی سـنووری نێـوان توركيـا و هەرێمـی كوردسـتانە ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی زۆر بـەم دەروازەيـە دەكرێـت، زۆربـەی هەناردەكارانـی توركيا بـەم دەروازەيـە بەرهەمەكانيـان بـۆ دەوڵەتـە دراوسـێكان دەنێـرن، زۆری ژمـارەی دەروازەكان كارسـازانی ئێرانـی هانـداوە كـە زياتـر لـە هەرێـم وەبەرهێنـان بكـەن، ئەمـەش بەشداريەكی كارای لـە بەرەوپێشـبردنی پەيوەندييـە ئابـووری و بازرگانييـەكان كـردووە. پەيوەنديەكـەش گەيشـتۆتە ئاسـتێك كـە حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان هەوڵـی كردنـەوەی ناوچەيەكـی بازرگانـی ئـازاد لـە دەروازەی (پەروێزخـان) بـدات.

بەمەبەسـتی بەردەواميـدان بـە پەيوەنديیـە بازرگانييەكانـی هەرێـم لەگـەڵ ئێـران و توركيـا و بـرەودان و بـە ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی و پێشكەشـكردنی ئاسـانكاری، ئاڵوگـۆڕی سـەردان و شـاندە ئابوورييـەكان بـە ديارەيەكـی سروشـتی پەيوەنديەكانـی هەرێـم لەگـەڵ ئـەم دوو دەوڵەتـە دادەنرێـت.

## ئەركی ماڵەوە

پ١ بـە هاوكاريـی يەكێـك لـە ئەندامانـی خێزانەكـەت، دوان لـە شـێوازەكانی پاراسـتنی سـنووری دەوڵـەت بژمێـرە؟

پ٢ يەكێك لـە ئەركەكانی دەوڵـەت پاراستنی سنوورەكانيەتی. نـاوی ئـەو هێـزە ئاسايش پارێزانـەی بەرگری لـە سنوورەكان دەكـەن چييە؟

پ٣ نـاوی سێ كاڵا بڵـێ، كـە هەرێمـی كوردسـتان هەنـاردەی دەوڵەتـە دراوسـێكانی دەكات، يان هـاوردەی دەكات؟

## سەرنجدەدەم و وەڵامدەدەمەوە

**بۆ هەر یەک لەم وێنانە دەستەواژەی گونجاو هەڵبژێرە:**

| دەروازەی سنووری | پاسەوانی سنوور | خاڵی پشکنین | ئاڵوگۆڕی بازرگانی |
|---|---|---|---|









**پاراستنی سنوورەکان ئاسایشی ئابووری دابیندەکات**

یەکەی چوارەم

# خۆشەویستی نیشتیمان

## بیرۆکەی سەرەکی

خۆشەویستی نیشتیمان لە دڵمان ڕواوە، ناتوانین دەستبەرداری بین، چونکە نیشتیمان (ناسنامە، قەوارە، ڕابردوو، ئیستا و ئایندەمانە). ژیانمان لە خاکی نیشتیمان دەستپێدەکات و هەر لە و خاکەش کۆتایی پێدێت. بە جیاوازیی ڕەگەز و ئایین و زمان و بیروباوەڕەوە کۆیکردووینەتەوە.

خۆشەویستی نیشتیمان هانماندەدات کەوا قوربانی لە پێناو بدەین و گیانی خۆمانی بۆ بەختبکەین. مێژوو پڕە لە نموونەی قوربانیدانی لەو بابەتە، گەلانی جیهان لەپێناوی سەربەخۆیی و ئازادی و بوژانەوەی نیشتیمانەکەیان فیداکاری گەورەیان کردووە.

دەبێت ئەوە بزانین کە خۆشەویستی نیشتیمان تەنها بە دەربڕینی چەند وشەیەکی زارەکی یان نووسین نابێت، بەڵکو دەبێت بە کردار و ڕەفتار ئەم خۆشەویستییە لە کەسایەتیماندا بەرجەستە بکەین. ئەمەش واتای ئەوە دەدات کە خۆشەویستی بەچەند جۆرێک، نەک تەنها یەک جۆر دەردەبڕدرێت، بگرە ئەم خۆشەویستییە بە پێی بارودۆخ و سروشتی کار و ئەرکەکانی ڕەنگدانەوەی دەبێت. بۆ نموونە سەرۆکی دەوڵەت کە خزمەتی گەلەکەی دەکات و لە پێناو شکۆی وڵاتەکەی کاردەکات، یان ئەو سەربازەی بەرگری لە نیشتیمانەکەی دەکات و ئەو ئاسایشەی شەو لەپێناوی ئاسوودەیی و ئارامی هاوونیشتیمانیان نۆبەدارە و ئەو مامۆستایەی کە ئەرکی سەرشانی لە پەروەردەکردنی قوتابییان بە باشی جێبەجێدەکات و ئەم قوتابیانەی کە سەرکەوتوون لە قوتابخانە، ئەمانە هەموویان نیشتیمانەکەیان خۆشدەوێت.

## چالاکیی پۆل

پ١ چۆن خۆشەویستی نیشتیمان کارمان تێدەکات؟

پ٢ چۆن خۆشەویستی نیشتیمان وەسفدەکەیت؟

پ٣ ئەو هۆکارانە چین کە خۆشەویستیمان بۆ نیشتیمان دیاری دەکەن؟ ڕوونیبکەوە.

## وشە بۆ فێربوون

قەوارە،


ڕابردوو،

ئایندە،

هۆنراوە،

شکۆ.

**بیردەکەمەوە** ئەم وشانەی خوارەوە ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی پێناسەی خۆشەویستی نیشتیمان بکەم:




**خۆشەویستی نیشتیمان**

.....................................................................

.....................................................................


**خۆشەویستی نیشتیمان نهێنی خۆڕاگریمانە**

## زانیارییەکانم بەهێز دەکەم

بێگومان خۆشەویستی نیشتیمان زۆرێک لە شاعیرانی هانداوە، بە نیشتیمان هەڵبدەن و شیعر بنووسن و خۆشەویستی خۆیانی بۆ دەربڕن، هەندێک لەو هۆنراوانە بە زیندوویی ماونەتەوە و نەوە دوای نەوە دەیڵێنەوە و تا ئێستاش شاعیرانی خۆیی و بیانی شیعر بۆ کوردستان دەنووسن.

بەختیار زێوەر سەرەڕای ئەوەی کە مامۆستایەتی نەکردووە بەڵام منداڵانی نەتەوەکەی لە شیعر و سرودی بە چێژ و بەتام بێبەش نەکردووە و لەم شیعرە دا هەستی خۆی بەرامبەر کورد و کوردستان دەربڕیوە.

ئەی خاکی پاکی نیشتیمان
ئەی خاوەنی ناو و نیشان
ئەی بێشەیی شێری ژیان
وا چاکە بۆ من تاکو مان
قوربانی تۆی کەم جیسم و جان
ئەی نیشتیمان ئەی نیشتیمان



فایەق کوڕی شاعیری بەناوبانگی کورد زێوەر ئەفەندی، ناسراو بە بەختیار زێوەر، لە ساڵی ١٩٠٨ز لە (سلێمانی) لە دایک بووە. سەرەتا وەک منداڵانی ئەو سەردەمە لە حوجرە خوێندویەتی، پاشان پۆلی سێیەمی ناوەندی تەواوکردووە. لە (بەغدا) خولێکی (برین پێچی) ئاژەڵان (موزەمیدی بەیتەری) ی دیوە و چۆتە سەر ئەو ئیشە. لە تەمەنی (٤٤) ساڵیدا لە ڕۆژی (١٩٥٢/١٢/٣١ز) کۆچی دوایی کردووە.

## ئەرکی ماڵەوە

پ١ بە دوو دێڕ وەسفی خۆشەویستی خۆت بۆ کوردستان بکە؟


پ٢ بەڕای تۆ شاعیر چ ڕۆڵێک لە خزمەتکردنی نیشتیماندا دەبینێت. بە هاوکاریی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت تەنها بە دوو دێڕ ئەم بابەتە ڕوونبکەوە؟

## سەرنجدەدەم و وەڵامدەدەمەوە

بۆ هەر یەک لەم وێنانە دەستەواژەی گونجاو هەڵبژێرە:

پرۆسەی ئەنفال | بەرگریکردن لە کوردستان | ڕاپەڕینی گەلی کوردستان ١٩٩١ز | کۆڕەوی ملیۆنی گەلی کوردستان









**خۆشەویستی نیشتیمان کۆماندەکاتەوە**

بەشی دووەم

# مافەکان (مافەکانم)

١ مافە مەدەنییەکان

٢ مافە کۆمەڵایەتییەکان

٣ مافە ئابوورییەکان

٤ مافە رۆشنبیرییەکان



ماوەی جێبەجێکردن

٤ ژمارەی هەفتە

٨ ژمارەی بەشەوانە

## ئامانجەکانی فێربوون

١- قوتابی  چەمکی مافە مەدەنییەکان و گرنگییەکەی دەزانێت، نموونەی بۆ دەهێنێتەوە.

٢- لایەنە نەرێنییەکانی نەبوونی مافە مەدەنیەکانی بۆ دەردەکەوێت.

٣- لە چەمکی مافە کۆمەڵایەتییەکان و تایبەتمەندییەکانی تێدەگات و نموونەیان بۆ دێنیتەوە.

٤- لایەنی نەرێنی نەبوونی مافە مەدەنییەکان شییدەکاتەوە.

٥- لەچەمکی مافە ئابوورییەکان تێدەگات، جیبەجێکردنیان پلە بە پلە شییدەکاتەوە.

٦- نموونە بۆ مافە ئابوورییەکان دێنێتەوە.

٧- واتا و سوود و تایبەتمەندییەکانی ڕۆشنبیری دەزانێت.

٨- واتای مافە ڕۆشنبیرییەکان دەزانێت، نموونەیان بۆ دێنێتەوە.

یەکەی یەکەم

# مافە مەدەنییەکان

## بیرۆکەی سەرەکی

شـاهۆ قوتابـی پۆلـی پێنجەمـی بنەڕەتیـە، خـۆی لەگـەڵ خوێندنـەوەی چیرۆکـی منـداڵان ڕاهێنـاوە، باوکـی هەمـوو ئـەو کتێـب و گۆڤارانـەی بـۆ دەکڕێـت، کـە حـەز لـە خوێندنەوەیـان دەکات، بۆخـۆی کتێبخانەیەکـی بچوکـی دانـاوە، شـاهۆ زۆربـەی کاتـی خـۆی بەخوێندنـەوە بەسـەردەبات.

شـاهۆ زمانێکـی ئەدەبـی جـوان و شـێوازێکی بـەرزی دارشـتنی هەیـە و دەفتەرێکـی تایبەتـی دانـاوە، ئـەو شـتانەی کـە ڕۆژانـە ئەنجامیـان دەدات تیایـدا دەنووسـێت، بـەو هیوایـەی لـە ئایندەدا بیانـکات بـە یاداشـت، هەمـوو ڕۆژێـک بـۆ مـاوەی نیوکاتژمێـر خەریکـی نووسـینی یاداشـتەکانی دەبێـت.

ڕۆژێکیـان شـاهۆ لەگـەڵ مەتیـن باسـی تۆمارکردنـی یاداشـتەکانی کـرد و ئامـۆژگاری مەتینـی کـرد کـە ئەویـش یاداشـتەکانی تۆمـار بـکات، مەتیـن داوای لـە شـاهۆ کـرد، دەفتەرەکـەی پیشـانبدات، بـەڵام شـاهۆ ڕەتیکـردەوە، بەمـەش مەتیـن لـە شـاهۆ زویربـوو و وازی لـە هاوڕێیەکـەی شـاهۆ هێنـا، شـاهۆش ئـەم ڕەفتـارەی مەتینـی لا سـەیربوو، پێیگـوت: هـاوڕێ دەبێـت بزانیـت شـتێک هەیـە پێیدەڵێـن تایبەتمەنـدی، کـە مافێکـە لـە مافەکانـی مـرۆڤ، پێویسـتە ڕێـزی لێبگـرن. ڕاسـتە ئێمـە هاوڕێـی یەکتریـن، بـەڵام هەریەکـە و هەندێـک شـتی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە و حـەز نـاکات کـەس پێیبزانێـت. مەتیـن بـاوەڕی بـە قسـەکانی هاوڕێکـەی هێنـا و بەڵێنیـدا هەرگیـز نەچێتـە نـاو ژیانـی تایبەتـی شـاهۆ و هیـچ کەسـێکی تـر.

## چالاکیی پۆل

پ١ ئەو مافەی شاهۆ پێوەی پابەند بوو، چی بوو؟

پ٢ ئایـا وازهێنانـی مەتیـن لـە شـاهۆی هاوڕێـی کارێکـی ڕاسـت بـوو؟ بۆچـی؟

پ٣ مەتین چ بەڵێنێکی بە شاهۆ دا؟

## وشە بۆ فێربوون

یاداشتەکان،

یاسا،

مەدەنی،

تایبەتمەندی.

## بیردەکەمەوە

ئەم وشانەی خوارەوە ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی پێناسەی مافە مەدەنییەکان بکەم:




**مافە مەدەنییەکان** ..............................................................................

..............................................................................

نابێت ستەمکارانە هیچ مرۆڤێک زیندانی یان دەستبەسەر بکرێت و دووربخرێتەوە

## زانیارییەکانم بەهێز دەکەم

**مافە مەدەنییەکان**

مافە مەدەنییەکان ئەو مافانەن کە بە یاسا یان عورف دەستەبەر دەکرێن و دەوڵەت لە چوارچێوەی سنووری هەرێمێکدا بە گشت هاونیشتیمانیانی دەبەخشێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مافانە لە ژیانی مرۆڤ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، کە لە زۆرێک لە پەیماننامە و ڕێکەوتنە نێو دەوڵەتییەکاندا جەختی لێکراوەتەوە و دیارترینیان: (ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی وسیاسیەکان) و کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٦٦)ز پشتڕاستی دەکاتەوە و بە درێژی مافە سیاسی و مەدەنییەکان دەخاتەڕوو و لایەنەکانیش بە ڕێزگرتنیان پابەند دەکات.

مافە مەدەنییەکان ئەمانەن: (مافی ژیان، مافی ئازادی، مافی پاراستنی ئاسایشی کەسی، مافی یەکسانبوون لەبەردەم دادگا، مافی تایبەتمەندی، مافی ئازادی دەربڕین، مافی دەنگدان، مافی ئازادی سەفەرکردن، مافی دامەزراندن... ئەوانیتر).

## ئەرکی ماڵەوە

**پ١** چی ڕوودەدات ئەگەر مافە مەدەنییەکان دەستەبەر نەکرێن. قوتابییان لە دەفتەری (کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان) ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕدەکەنەوە کە لە نێوان دوو کەوانە لایەنە نەرێنییەکانی نەبوونی مافە مەدەنییەکان دیاردەکات: (نەبوونی ئاسایش، لەدەستدانی هەلی بەشداریکردن لە ئایندەی سیاسی وڵاتدا، دابڕان لە جیهان، بڵاوبوونەوەی بێکاری).

**نموونە: مافی ئاسایش پارێزی: نەبوونی ئاسایش.**

١- مافی دەنگدان .................................

٢- مافی ئازادی سەفەرکردن ......................

٣- مافی دامەزراندن .............................

**پ٢** سێ نموونە بۆ مافە مەدەنییەکان بهێنەوە؟

**پ٣** هەموو کەسێک مافی هەیە بە ئازادی ڕای جیاوازیی خۆی دەرببڕێت... ئایا پێت باشە ڕای تایبەتی خۆت هەبێت و حەزدەکەیت دەریببڕێت؟
ئایا ڕێز لە بۆچوونی ئەوانیتر دەگری؟ بۆچی؟

سەرنجدەدەم و وەڵامدەدەمەوە


بۆ هەر یەک لەم وێنانە دەستەواژەی گونجاو هەڵبژێرە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| مافی دەنگدان | مافی تایبەتمەندی | مافی ئازادی سەفەرکردن | مافی یەکسانبوون لەبەردەم دادگا |









هەموو کەسێک مافی ئازادی بیرورِا دەربرِینی هەیە

یەکەی دووەم

# مافە کۆمەڵایەتییەکان

## بیرۆکەی سەرەکی

ماڵی سازان لە شارۆچکەیەکی جوانی دەوروبەری شارە، کانی و سەرچاوەی ئاوی زۆری تیادایە، دار و درەختی زۆرە و دیمەنەکانی دڵڕفێنن. خەڵکەکەی ساڵانێکی زۆر بەختەوەرانە دەژیان، بەڵام لەم دوایانەدا کارگەیەکی لێدروستکراوە کە بۆنی ناخۆش و غازەکان بێزاریکردوون، ئێستا هەست بەو بەختەوەرییە ناکەن، کە لە ڕابردوودا تێیدا دەژیان.

ڕۆژێک سازان بینی، باوکی زۆر بە غەمگینی دانیشتووە، چۆن شارەکەیان ئاوای بەسەرهاتووە، سازانیش بە باوکی گوت: بۆچی سنوورێک بۆ ئەم غاز و بۆنە ناخۆشانە دانانێن؟ باوکیشی گوتی: چۆن؟ سازان گوتی: بۆچی سەردانی لایەنی بەرپرس ناکەن، بەڵکو چارەسەریبکەن؟ باوکی سازانیش پێشنیازی کچەکەی پەسندکرد و داوای لە هاوڕێکانی کرد، سەردانی بەڕێوەبەری شارۆچکە بکەن و کێشەکەی بۆ باسبکەن. بەم جۆرە لیژنەیەکیان پێکهێنا و سەردانەکەیانکرد و گرفتەکەیان باسکرد و مەترسی کارگەکەیان بۆ بەڕێوەبەری شارۆچکە ڕوونکردەوە، ئەویش بەڵێنیدا کێشەکە چارەسەر بکات و بۆ سەرویی خۆی بەرزی بکاتەوە. کێشەکەش بە گواستنەوەی کارگەکە بۆ شوێنێکی گونجاو چارەسەرکرا.

## چالاکیی پۆل

پ١ ئەو مافە چی بوو کە خەڵکی شارۆچکەکە لێی بێبەشکرابوون؟

پ٢ ئەو هەنگاوانە چی بوون کە باوکی سازان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە گرتنیەبەر؟

پ٣ ئایا ئەو هەنگاوانەی باوکی سازان گرتنیەبەر ڕاستبوون؟ بۆچی؟

## وشە بۆ فێربوون

شارۆچکە،
دڵڕفێن،
غەمگین،
بەخشین،
یاسا.

## بیردەكەمەوە

ئەم وشانەی خوارەوە ڕێكدەخەم بۆ ئەوەی پێناسەی مافە كۆمەڵایەتییەكان بكەم:




**مافە كۆمەڵایەتییەكان** ..........................................................................................

..........................................................................................

**پێویستە مافی دایكایەتی و منداڵ بەخێوكردن لەبەرچاو بگیرێت و یارمەتی بدرێن**

## زانیارییەکانم بەهێز دەکەم

**مافە کۆمەڵایەتییەکان**

مافــە کۆمەڵایەتییــەکان بەوە دەناســرێنەوە، کــە پەیوەندییەکی پتەویــان بە ژیــان و گوزەرانی مرۆڤەوە هەیــە، ئەو مافانە بە یاســا دەســتەبەرناکرێن، بەڵکو پێویســتی بــە بارودۆخێکی ئابــووری گونجاو هەیە. ئەرکــی سەرشــانی دەوڵــەت و دامەزراوەکانە کار بــۆ دابینکردنیان بــکات. ئەو مافانە بە خێرایی دەســتەبەر ناکرێــت، بەڵکــو هێواش هێــواش جێیبەجێدەکرێت، چونکە پێویســتیان بــە دەرامەتێکی دارایــی زۆر هەیە، بەوەش وەســفدەکرێن کە مافێکن (دەبەخشــرێن).

ئــەم مافانــە لــە کۆنگــرە و پەیماننامــە و ڕێکەوتنــە نێودەوڵەتییــەکان گرنگییەکــی زۆریــان پێدراوە، بەرچاوتریــش لە(جاڕنامــەی جیهانــی مافەکانی مــرۆڤ) کە کۆمەڵگــەی مرۆڤایەتی بەیەک خێــزان دادەنێت و ئەندامەکانــی لــە مافــدا یەکســانن، هــەر وەک (پەیماننامــەی نێودەوڵەتــی تایبەت بە مافــە ئابووری و کۆمەڵایەتــی و ڕۆشــنبیرییەکان) جەخــت لــەوە دەکاتــەوە، کــە مــرۆڤ مافــی ئــەوەی هەیە لــە مافە کۆمەڵایەتییەکانــی بەهرەمەنــد بێــت، هەروەهــا دەبێــت هــەردوو ڕەگەزەکە ســوود لەو مافانــە وەربگرن.

مافــە کۆمەڵایەتییــەکان ئەم مافانە دەگرێتەوە: (مافــی پێکەوەنانی خێزان، مافی دەســتەبەری کۆمەڵایەتی، مافــی چاودێری دایکایەتی و منداڵان، مافی تەندروســتی، مافــی ژینگەیەکی خاوێن).

## ئەرکی ماڵەوە

**پ١** ئەگــەر مافــە کۆمەڵایەتییــەکان دەســتەبەر نەکرێــن چــی ڕوودەدات؟ قوتابی لــە دەفتەری بابەتــی (کارامەیی و بەهــا کۆمەڵایەتییــەکان) ئــەم بۆشــاییانە پڕدەکاتــەوە، لــە نــاو کەوانەکــە ئامــاژە بەو کەموکوڕییانــە دەکات کــە لــە نەبوونــی مافــە کۆمەڵایەتییــەکان پەیدادەبــن (بڵاوبوونــەوەی نەخۆشــی، بێبەشــبوونی نەخــۆش و بەســاڵاچووەکان لــە چاودێــری و یارمەتیدان، پیســبوونی ژینگە و پێشــێلکردنی مافی منداڵان).

**نموونە: مافی پاراستنی تەندروستی: بڵاوبوونەوەی نەخۆشی**

١- مافی ژینگەیەکی خاوێن ..............................

٢- مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتی..............................

٣- مافی چاودێری دایکایەتی و منداڵان ..............................

**پ٢** سێ نموونە بۆ مافە کۆمەڵایەتییەکان بهێنەوە؟

**پ٣** بە هاوکاریی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت سێ لە هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە بژمێرە و سێ لەو ڕێگەیانەش کە دەتوانین ژینگەی پێ بپارێزین باسبکە؟

سەرنجدەدەم و وەڵامدەدەمەوە

بۆ هەر یەک لەم وێنانە دەستەواژەی گونجاو هەڵبژێرە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| مافی ژینگەیەکی خاوێن | مافی چاودێری دایکایەتی ومنداڵان | مافی تەندروستی | مافی پێکەوەنانی خێزان |









پاراستنی منداڵ و هەرزەکاران لە چەوساندنەوە مافێکی کۆمەڵایەتییە

## یەکەی سێیەم
# مافە ئابوورییەکان

## بیرۆکەی سەرەکی

مام بەختیار لە کارگەیەک کارمەندە، سەرمایەدارێکی بەڕێوەیدەبات، لەبەرئەوەی مام بەختیار باری دارایی باش نییە، ناچارە بەرگەی ئەو کارە لەو بارودۆخە سەختە بگرێت، کە بۆ ماوەیەکی درێژی چەند کاتژمێری بەرامبەر کرێیەکی زۆر کەم کاربکات. ئەمەش گوزەرانێکی شایستەی بۆ دەستەبەری ناکات. چەند جار خۆی و هاوڕێکانی هەوڵیانداوە، کە باوەڕ بە خاوەن کارگەکە بکەن، تا بارودۆخ و گوزەرانیان چاکبکرێت ئەمەش بە دیاریکردنی کاتژمێرەکانی کارکردن و کرێیەکی گونجاویان لەبەرامبەر ماندووبوونیان پێبدرێت، هەروەها بارودۆخێکی دەروونی گونجاویان بۆ بڕەخسێنرێت، کە هانیان بدات بە مەبەستی بەردەوامبوون لە کارکردن و داهێناندا، بەڵام ئەم هەوڵانە شکستیان خوارد و بێ سوودبوون.

## چالاکیی پۆل

پ١ بۆچی مام بەختیار بەرگەی کارێکی وا گرانی دەگرت؟

پ٢ ئەو گرفتە چی بوو کە مام بەختیار پێوەی دەناڵاند؟

پ٣ ئەو داواکاریانە چی بوون کە مام بەختیار و هاوڕێکانی پێشکەشی خاوەن کارگەکەیان کرد؟

پ٤ ئایا مام بەختیار و هاوڕێکانی سەرکەوتووبوون لە بەدەستهێنانی داواکاریەکانییان؟ بۆچی؟

## وشە بۆ فێربوون

خاوەندارێتی،


پاداشتی،

بێکاری،

نەقابەکان.

## بیر دەکەمەوە

ئەم وشانەی خوارەوە ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی پێناسەی مافە ئابوورییەکان بکەم:




مافە ئابوورییەکان ..........................................................................................

..........................................................................................

**هەموو تاکێک بە تەنها یان بە هاوبەشی مافی خاوندارێتی هەیە**

## زانیارییەکانم بەهێز دەکەم

**مافە ئابوورییەکان**

مافە ئابوورییەکان لەگەڵ مافە کۆمەڵایەتییەکان لە چەند لایەنێکەوە هاوبەشن، بەوە دەناسرێنەوە کە پەیوەندییەکی پتەویان بە ژیان و گوزەرانی مرۆڤەوە هەیە، ئەو مافانە بە یاسا دەستەبەر ناکرێن، بەڵکو پێویستی بە بارودۆخێکی ئابووری گونجاو هەیە و ئەرکی سەرشانی دەوڵەت و دامەزراوەکانییەتی دابینیان بکات، ئەو مافانە بە هێواشی و پلە بە پلە دەستەبەر دەکرێن، چونکە پێویستیان بە داهاتێکی دارایی زۆر هەیە، بەوە وەسفدەکرێن کە مافێکن (دەبەخشرێن).

لە(جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ) جەخت لەو مافە ئابووریانە کراوەتەوە کە پەیوەندارن بە کارکردن و خاوەندارێتی و کرێ و پاداشتی دادوەرانە، هەر وەک (پەیماننامە نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان) جەختی لەوە کردەوە کە مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە سوود لە مافە ئابوورییەکانی وەرگرێت. هەروەها مافی گەلانە بە ئازادی سەرمایە و داهاتی سروشتییان بەکاربهێنن، سەرباری جەختکردنەوە لە پێکهێنانی نەقابەکان و پاراستنی منداڵ و هەرزەکاران لە چەوساندنەوەی ئابووری.

مافە ئابوورییەکان ئەم مافانەن: (مافی خاوەندارێتی، مافی کارکردن، مافی ئازادی لە هەڵبژاردنی جۆری کار، مافی پاراستن لە بێکاری، مافی یەکسانی لە کرێی کار، مافی پاداشتکردنی یەکسان، مافی پاراستنی بەرژەوەندییە واتایی و ماددیەکان کە بەرهەمی هەر کارێکی زانستی و ئەدەبی و هونەرین).

## ئەرکی ماڵەوە

پ١ ئەو مافانە باسبکە کە لەم ڕستانە ئاماژەی پێدراوە.

١- سامانە سروشتییەکان مافی گەلی کوردستانن. ٢- ڕاز کار دەکات. ٢- ئازاد خانوێکی هەیە.

پ٢ سێ نموونە بۆ مافە ئابوورییەکان بهێنەوە.

پ٣ ئایا حەزدەکەیت لە ئایندەدا بەرهەمی ئەدەبی و زانستی و هونەریت هەبێت؟ ئایا بە پێویستی دەزانیت لەبەرامبەر ئەو بەرهەمانە پاداشتی ماددیی و واتایی وەربگرێت؟ بۆچی؟

## سەرنجدەدەم و وەڵامدەدەمەوە

بۆ هەر یەک لەم وێنانە دەستەواژەی گونجاو هەڵبژێرە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| مافی کارکردن | مافی یەکسانی لە کرێی کار | مافی خاوندارێتی | مافی پاراستن لە بێکاری |










مافی پاراستنی بەرژەوەندیە واتایی و ماددیەکان کە بەرهەمی هەر کارێکی ئەدەبی و هونەرین مافێکی ئابوورییە

یەکەی چوارەم

# مافە ڕۆشنبیرییەکان

## بیرۆکەی سەرەکی

نەسرین مامۆستای بابەتی کۆمەڵایەتییە، بڕیاریدا قوتابییەکان بە کوڕ و کچیانەوە فێری سەرەتاکانی مافە ڕۆشنبیرییەکانی مرۆڤ بکات.

قوتابییانی خۆشەویست، پێویستە بزانن، هەموو گەلانی جیهان خاوەنی ناسنامەی ڕۆشنبیری خۆیانن، کە شێوازی ژیان و کولتووری جیاواز لە ئەوانیتر و سیمبولەکانیەتی و شانازیان پێدەکات. مافی هەموو مرۆڤێکە کە شانازی بە ناسنامەکەیەوە بکات و ئینتیمای بۆی هەبێت، چونکە بەشێکە لێی و بەبێ ئەمانە واتایەک بۆ بوونی نامێنێت، هاوکات ڕێز لە ناسنامەی ڕۆشنبیری ئەوانیتر بگرێت، چونکە هەموو گەلێک خاوەنی ناسنامەی ڕۆشنبیری تایبەت بە خۆیەتی کە ئینتیمای بۆ هەیە. فرەڕەنگی ڕۆشنبیری وا دەخوازێت جیاوازیی نەکرێت لە نێوان نەتەوە و گەلانی جیهان، یان وا سەیری ڕۆشنبیریی خۆمان بکەین کە باڵاترە لە ڕۆشنبیری ئەوانیتر، یاخود خۆمان بە چاکتر لەوان بزانین، بەڵکو پێویستە بە چاوێکی یەکسان سەیری ڕۆشنبیرییەکەیان بکەین و داوای لێبوردەیی و ڕاستگۆیی لە نێوان گەلانی جیهان بکەین.

## چالاکیی پۆل

پ١ ناسنامەی ڕۆشنبیریی چ دەگرێتەوە؟

پ٢ بۆچی پێویستە هەموو مرۆڤێک شانازی بە ناسنامەی ڕۆشنبیریی خۆیەوە بکات؟

پ٣ فرەڕەنگی ڕۆشنبیریی چی دەخوازێت؟


پ٤ بۆچی دەبێت هەموو مرۆڤێک ڕێز لە ناسنامەی ڕۆشنبیریی ئەوانیتر بگرێت؟

## وشە بۆ فێربوون

کولتوور،
شانازی،
ڕۆشنبیری،
لێبوردەیی.

## بیردەکەمەوە

ئەم وشانەی خوارەوە ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی پێناسەی مافە ڕۆشنبیرییەکان بکەم:




مافە ڕۆشنبیرییەکان ..........................................................................

..........................................................................

**مافی بەهرەمەندبوون لە پێشکەوتنە زانستییەکان و جێبەجێکردنیان مافێکی ڕۆشنبیرییە**

## زانیارییەکانم بەهێز دەکەم

**مافە ڕۆشنبیرییەکان**

ڕۆشـنبیری بریتییـە لـە کۆمەڵێـک (داب، نەریـت، عـورف، بەهـا و ئـاکار) بـۆ ماوەیـی کـە کۆمەڵـە خەڵکێکـی پێدەناسـرێتەوە و بەیەکەوەیـان دەبەسـتێتەوە. ڕۆشـنبیری سـوودی جۆراوجـۆری هەیـە، ڕۆڵـی هەیـە لـە بەشـداریکردن لـە بوژانـەوە و پێشـکەوتنی کۆمەڵگـە ، هەروەهـا بـۆ گەشـەکردنی ئـارەزووە کەسییەکان و چارەسـەرکردنی گرفتـەکان یارمەتیـدەرە.

ڕۆشـنبیری تەنها تایبـەت نییـە، بـە نەتەوەیـەک یـان گەلێکـی دیاریکـراو، بەڵکـو مافێکـی هەمـوو مرۆڤایەتییـە و بـە میـرات نـەوەکان ڕادەسـتی یەکتـری دەکـەن و بـە تێپەڕبوونـی ڕۆژگار توانـای مانـەوە و بەردەوامبوونیـان، هەیـە.

جارنامـەی جیهانـی مافەکانـی مـرۆڤ جەخـت لـە پێویسـتی پاراسـتن و مانـەوەی مافە ڕۆشـنبیرییەکان و پتەوکردنـی لێـک تێگەیشـتن و لێبوردەیـی و دۆسـتایەتی نێـوان هەمـوو نەتـەوەکان دەکاتـەوە، هـەر وەک (پەیماننامـەی نێودەوڵەتـی تایبـەت بـە مافـە ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیرییەکان) جەخـت لـەوە دەکاتـەوە، کـە دەبێـت مـرۆڤ لـە مافـە ڕۆشـنبیرییەکانی بەهرەمەندبێـت و یەکسـانی لـە نێـوان هـەردوو ڕەگەزەکـە هەبێـت لـەو بەهرەمەندبوونـە، پێویسـتە ڕەچـاوی سیاسـەتێک بکرێـت پـەرە بـە گەشـەکردنی ڕۆشـنبیری بدرێـت...

مافەکانی ڕۆشـنبیری مرۆڤ ئەمانـەن: (مافی بەشداربوون لـە ژیانـی ڕۆشنبیری و مافـی بەهرەمەندبوون لـە هونـەر و مافی سـوود وەرگرتـن لـە پێشکەوتنی زانسـتی و جێبەجێکردنـی و مافـی پاراسـتنی بەرژەوەندییـە واتایـی و ماددیـەکان کـە دەرەنجامـی بەرهەمـی هـزری و زانسـتی و ئەدەبیـن، هەروەهـا پتەوکردنـی پەیوەندییەکانـی تێگەیشـتن و لێبوردەیـی و دۆسـتایەتی لـە نێـوان هەمـوو نەتەوەکانـدا).

## ئەرکی ماڵەوە

پ١ ئەو مافانە چین کە لەم ڕستانە ئاماژەیان پێدراوە:
١- شیرین حەزی لە مۆسیقایە ٢- ئازاد چالاکیی ڕۆشنبیریی جۆراوجۆری هەیە.

پ٢ سێ نموونە بۆ مافە ڕۆشنبیرییەکان بهێنەوە؟

پ٣ بـە هاوکاریـی یەکێـک لـە ئەندامانـی خێزانەکـەت سێ ڕێگـە بژمێـرە، کـە مـرۆڤ دەتوانێـت بـەکاری بهێنێـت بـۆ ئـەوەی پـەرە بـە ڕۆشنبیریی خـۆی بـدات؟

## سەرنجدەدەم و وەڵامدەدەمەوە

**بۆ هەر یەک لەم وێنانە دەستەواژەی گونجاو هەڵبژێرە:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەشداربوون لە ژیانی ڕۆشنبیری | سوود وەرگرتن لە پێشکەوتنی زانستی | بەهرەمەندبوون لە هونەر | پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان نەتەوەکاندا |









**ڕێزگرتن و دەستبەردارنەبوونی ئازادی توێژینەوەی زانستی و چالاکیی داهێنان مافێکی ڕۆشنبیرییە**



# بەشی سێیەم

## کارامەییەکان (کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان)

١. داواکردنی یارمەتی
٢. ڕادەربڕین
٣. ڕاجیاوازی
٤. داوای لێبووردنکردن

### ماوەی جێبەجێکردن

ژمارەی هەفتە: ٤

ژمارەی بەشەوانە: ٨

## ئامانجەکانی فێربوون

١- قوتابی واتای یارمەتی و شێوازەکانی و گرنگییەکەی دەزانێت.

٢- هۆکاری پێویستییەکانی خەڵک بەیەکتر و ئەو هۆکارانەش کە یارمەتیدەرن بۆ بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری داواکردنی یارمەتی تێدەگات.

٣- واتای ڕادەربڕین و سوودەکانی دەزانێت.

٤- مەرجەکانی ڕادەربڕین دەژمێرێت.

٥- واتای ڕاجیاوازی و بایەخ و مەرجەکانی دەزانێت.

٦- وەسفی ئەو ڕێگەیانە دەکات، کە دەتوانن ڕۆشنبیری ڕاجیاوازی بەرجەستە بکەن.

٧- واتای لێبوردن و بایەخەکەی دەزانێت، ئەو لایەنانە دیاریدەکات کە پێویستە ڕەچاویان بکات لە کاتی داواکردنی لێبوردن.

٨- وەسفی داوای لێبوردن وەک ڕۆشنبیری دەکات.

یەکەی یەکەم

# داواکردنی یارمەتی

## بیرۆکەی سەرەکی

لانە قوتابییەکی زیرەکە، خۆشەویستی دایکوبابیەتی، جێگەی ڕێز و خۆشەویستی مامۆستایانە. لەبەر ئەوەی لانە حەزی لە بابەتی کۆمەڵایەتییە، مامۆستای بابەتی کۆمەڵایەتی داوای لێکرد، بڵاوکراوەیەک بۆ بابەتی کۆمەڵایەتی ئامادەبکات و گرنگترین سیمبولە کۆمەڵایەتییەکانی شاری تیادا ڕەنگبداتەوە. لانەش ئەمەی پەسندکرد و دەستیکرد بە ئامادەکردنی بڵاوکراوەکە. بەڵام دوای ماوەیەک ناچاربوو کارەکە ڕابگرێت، چونکە پیویستی بە ژیاننامەی هەندێک شاعیری شارەکە هەبوو، کە لە کتێبخانەی قوتابخانە دەستی نەکەوتن. سارای هاوڕێی پێیگوت: مامۆستای کۆمەڵایەتی لە ماڵی خۆی کتێبخانەیەکی گەورەی هەیە و دەتوانێت داوای یارمەتی لە ئەو بکەیت. لانە گوتی: نەخێر شەرمدەکەم داوای لێبکەم. دوای ئەوەی کاتی ڕادەستکردنی بڵاوکراوەکە نزیک بووەوە، لانەش کارەکەی تەواو نەکردبوو، مامۆستای کۆمەڵایەتی هۆی تەواو نەبوون و دواکەوتنەکەی لە لانە پرسی، لانەش هۆیەکەی کە نەبوونی سەرچاوە بوو بۆ باسکرد. مامۆستا گوتی: ئەی بۆ بە منت نەگوت؟ دەبێت بزانی کە نابێت لە داواکردنی یارمەتی دوودڵ بیت، بەتایبەت لە کەسوکار و مامۆستا و هاوڕێکانت. بەیانی هەموو ئەو کتێبانەت بۆ دەهێنم، کە پێویستت پێیان هەیە. مامۆستا بۆ بەیانی کۆمەڵێک کتێبی بۆ لانە هێنا، کە سوودیان بۆ ئامادەکردنی بڵاوکراوەکە لێوەردەگیرا.

## چالاکیی پۆل

قوتابیان دابەشدەبن بۆ پێنج گروپ بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن دەربارەی ئەم بابەتانە:

١. گروپی یەکەم لە گرنگیی ئامادەکردنی بڵاوکراوەکانی قوتابخانە دەدوێن.
٢. گروپی دووەم لە بەهای گرنگییدان بە سیمبولە کۆمەڵایەتییەکان دەدوێن.
٣. گروپی سێیەم سوودی کتێبخانەی قوتابخانە ڕووندەکەنەوە.
٤. گروپی چوارەم لایەنە نەرێنییەکانی شەرمکردن ڕووندەکەنەوە.
٥. گروپی پێنجەم چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کتێبانەی کە وەریدەگرێت ڕووندەکەنەوە.

## وشە بۆ فێربوون

بڵاوکراوە،
سیمبول،
کتێبخانە،
بونەوەر.

**بیردەکەمەوە** ئەم وشانەی خوارەوە ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی پێناسەی داواکردنی یارمەتی بکەم:




**داواکردنی یارمەتی** ..............................................................................................

..............................................................................................

**وا چاکە لە کاتی پێویستدا، دوودڵ نەبین لە داواکردنی یارمەتی**

## زانیارییەکانم بەهێز دەکەم

مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە ناتوانێت بە تەنیا بژی، بەڵکو لەگەڵ ئەوانیتر دەژیت و پێویستیشیان بە یەکترە.

پێویستیی مرۆڤ بەیەکتری بەپێی قۆناغەکانی تەمەن و ئەو کارانەی دەیکەن و جیاوازیی ئەو بارودۆخەی کە تیایدا دەژین دەگۆڕێت. بەساڵاچوو و نەخۆشەکان لە کاتی پێویست پێویستییان بە یارمەتیدانی کەسانی ترە، کە خۆیان هەندێک لەو کارانەیان بۆ ناکرێت. قوتابی پێویستیی بە مامۆستایە بۆ ئەوەی هەندێک بابەتی خوێندنی بۆ شیبکاتەوە. هەژارەکانیش پێویستییان بە یارمەتیدانە چونکە دەستیان کورتە. داهێنەرەکانیش پێویستییان بە کەسانێک هەیە کە هەڵسەنگاندن بۆ هەندێک لە کارە زانستی و ئەدەبی و هونەرییەکانیان بکەن. لە کۆتاییدا دەبێت ڕۆشنبیریی هاریکاریی بڵاوبکەینەوە. ئەمەش بە داواکردنی یارمەتی بێ دوودڵی لە کاتی پێویست و نرخاندنی گیانی هاوکاریی و پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت.

داواکردنی یارمەتی لە کاتی پێویستدا هاوکاریی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە پتەوتر دەکات. هەروەها یارمەتیدەریشە لە بەدیهێنانی ئامانجەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش بەهێزتر دەکات.

## ئەرکی ماڵەوە

پ١ بۆچی لانە لە تەواوکردنی بڵاوکراوەی قوتابخانە وەستا؟

پ٢ سارا چ پێشنیازێکی بۆ لانە کرد؟

پ٣ ئامۆژگاری مامۆستای کۆمەڵایەتی بۆ لانە چی بوو؟

**داواکردنی یارمەتی کارامەییەکی ژیانە دەبێت گەشەی پێبدرێت**

## سەرنجدەدەم و وەڵامدەدەمەوە

بۆ هەر یەک لەم وێنانە دەستەواژەی گونجاو هەڵبژێرە:

| یارمەتیدانی قوتابی | یارمەتیدانی بەساڵاچوو | یارمەتیدانی هەژار | یارمەتیدانی نەخۆش |









**داواکردنی یارمەتی ڕۆشنبیرییە و پێویستە بڵاوبکرێتەوە**

یەکەی دووەم

# ڕادەربڕین

## بیرۆکەی سەرەکی

**گفتوگۆی نێوان ئالان و سۆما:**

**ئالان:** تەنها یەک هەفتەمان بۆ فستیڤاڵی قوتابخانە ماوە، منیش بابەتێکم دەربارەی گرنگیی کتێبەکانی ئەدەب لە گەشەکردنی ڕۆشنبیریی گشتیی ئامادەکردووە و تیایدا باسی بایەخی خوێندنەوەی چیرۆک و شیعر و شانۆگەریم کردووە. هاوڕێکەم، شکۆ، لەو ئاهەنگە بەشداریدەکات.

**سۆما:** بەڵام شکۆ بابەتێک دەربارەی کتێبە زانستییەکان، نەک ئەدەبییەکان ئامادە دەکات، ئەو وای دەبینێت، کە کتێبە زانستییەکان دەربارەی دۆزینەوەکان لە بوارەکانی پزیشکی و کیمیا و بیرکاری، سوودیان لە کتێبە ئەدەبییەکان زیاترە!

**ئالان:** شتێکی ئاساییە، ئەو لە ڕادەربڕین سەربەستە، هەروەها منیش بە مافی خۆمی دەزانم ڕاشکاوانە ڕای خۆم دەربڕم و دەبێت ڕێز لە ڕای ئەویش بگرم.

**سۆما:** هەتا ئەگەر لەگەڵ ڕای تۆش جیاواز بوو؟

**ئالان:** بەڵێ، ئەو هاوڕێمە لەوانەیە لە کۆتایدا یان ئەو ڕای من پەسند بکات، یان من ڕای ئەو پەسند بکەم.

## چالاکیی پۆل

قوتابیان دابەشدەبن بۆ پێنج گروپ بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن دەربارەی ئەم بابەتانە:

١. گروپی یەکەم گرنگیی گفتوگۆ باسدەکەن.
٢. گروپی دووەم سوودی فستیڤاڵەکانی قوتابخانە ڕووندەکەنەوە.
٣. گروپی سێیەم دەربارەی پەسندکردنی جۆرێک کتێب بەسەر ئەوانیتر دەدوێن.
٤. گروپی چوارەم گرنگیی پۆلێنکردنی کتێب گفتوگۆ دەکەن.
٥. گروپی پێنجەم ئەو ڕێگەیانەی کە بەکاریان دەهێنن بۆ ئەوەی بسەلمێنن کە ڕایەکەمان ڕاستە باسدەکەن.

## وشە بۆ فێربوون

گفتوگۆ،
فستیڤاڵ،
دیموکراسی،
متمانە،
ئاکار،
دابونەریت.

**بیردەکەمەوە** ئەم وشانەی خوارەوە ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی پێناسەی ڕادەربڕین بکەم:




ڕادەربڕین ...................................................................................

...................................................................................

**ڕادەربڕین ڕێزگرتنە لە خود**

## زانیارییەکانم بەهێز دەکەم

ڕادەربڕین پارمەتیدەرێکە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و زەمینەش بۆ دیموکراسی لە هەموو بوارەکانی ژیان وەک: ماڵ، قوتابخانە، دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت خۆشدەکات، هەروەها ئازایەتی و متمانە بەخۆبوونیش بە مرۆڤ دەبەخشێت، گیانی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە مرۆڤ جێگیردەکات، بەڵام ڕادەربڕین بە واتای ئازادی ڕەها لە گوتنی هەموو شتێک لە هەموو شوێنێک نایێت، کە پێمان خۆشبێت، بەڵکو ڕێککاری و سنووریش هەیە، کە دەبێت ڕەچاو بکرێت لە کاتی ڕادەربڕینندا. وا چاکە سوود لە ڕادەربڕین وەربگیرێت و بە ئەرێنی و ڕێزەوە، نەک بەناشرینی و نەرێنی دەرببڕێت. دەبێت لەکاتی ڕادەربڕین پابەندی ئاکارە جێگیرەکان و دابونەریتەکان بین، ڕێز لە مافی ئەوانی دی لە ڕادەربڕیندا بگرین.

## ئەرکی ماڵەوە

پ١ شکۆ لای وایە کە کتێبە زانستییەکان سوود بەخشترن لە کتێبە ئەدەبییەکان. ئایا هاورای لەگەڵی؟ بۆچی؟

پ٢ ئایا هەڵوێستی ئالان لەگەڵ شکۆی هاوڕێی ئەرێنی بوو؟ بۆچی؟

پ٣ ئایا پشتیوانی پێشهاتەکەی ئالان لە کۆتایی گفتوگۆیەکە دەکەیت؟

پ٤ سوودەکانی ڕادەربڕین چین؟

**ڕادەربڕین کارامەییەکی ژیانە وا چاکە گەشەی پێبدەین**

سەرنجدەدەم و وەڵامدەدەمەوە

بۆ هەر یەک لەم وێنانە دەستەواژەی گونجاو هەڵبژێرە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕێگرتن لە ئازادی ڕادەربڕین | ڕێزگرتن لە ئازادی بیروڕا | بەرتەسککردنەوە ئازادی ڕۆژنامەگەری | ڕۆژنامەگەریی ئازاد |









ڕادەربڕین ئازایەتییە

یەکەی سێیەم

# ڕاجیاوازی

## بیرۆکەی سەرەکی

**گفتوگۆی ڕێبین و ساوێن:**

ڕێبین: من حەزناکەم بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک بەدیار تەلەڤزیۆنەوە دابنیشم، چونکە ئەمە کات بەفیڕۆدانە و زیانیش بەچاو دەگەیێنێت. زۆرجار ئەمە بەخوشک و براکانیشم دەڵێم، ئەوانیش گوێم لێدەگرن. ئێستا ئێمە تەنها سەیری چەند بەرنامەیەک دەکەین، کە ئەوانیش سوودبەخشن.

ساوێن: منیش حەز ناکەم بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک بەدیار تەلەڤزیۆنەوە دابنیشم، دەزانم تەنها کات بەفیڕۆدانە و بۆ چاوەکانیشمان زیانبەخشە. بەڵام ئامۆژگاری خوشک و براکانم ناکەم کە واز لە سەیرکردنی بهێنن، چونکە گوێم لێناگرن، لەبەر ئەوەی زۆر حەزیان لە بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنە و شەیدای بوون، لە ماڵی ئێمە تەلەڤزیۆن زۆربەی کات پێکراوە، ئەگەر کەسیشمان سەیری بەرنامەکانی نەکەین.

## چالاکیی پۆل

پ١ بۆچی ڕێبین پێی باش نییە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەرامبەر تەلەڤزیۆن دابنیشێت؟ ئایا ئەمە ڕاستە؟

پ٢ ئایا لایەنگیری پێشکەشکردنی ئامۆژگاری بۆ خوشک و براکانت دەربارەی هەندێک بابەت؟ لەبەرچی؟

پ٣ ئایا هەبوونی ئامێری تەلەڤزیۆن لە ماڵەوە سودبەخشە یان نا؟ لەبەرچی؟

پ٤ ئایا لە دوای ئەوەی ڕێبین و ساوێن بۆچوونیان جیاواز بوو.. وا چاکە دۆستایەتیان بەردەوام بێت؟

## وشە بۆ فێربوون

دانان بەوانیتر،

گفتوگۆ،


داهێنان،

ئافراندن،

ڕێککەوتن.

## بیردەکەمەوە

ئەم وشانەی خوارەوە ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی پێناسەی ڕاجیاوازی بکەم:




**ڕاجیاوازی** .................................................................................

.................................................................................

**ڕاجیاوازی پەرە بە کەسایەتیمان دەدات**

## زانیارییەکانم بەهێز دەکەم

بە جیاوازیی کەسایەتیمان، ئاستی خوێندەواریمان، بارودۆخی ژیانمان، هەڵوێستمان جۆراوجۆرە، ئەم جۆراوجۆرییە دەبێتە هۆی جیاوازیی بیروڕامان لەگەڵ ئەوانیتر، بەڵام ئەم جیاوازییە کارێکی هەڕەمەکی نییە و ئازادی ڕەهاش لە ڕەتکردنەوەیان بەحەزی خۆمان نییە، بەڵکو ڕێسا و یاسای خۆی هەیە، کە دەبێت ڕەچاوبکرێن لە کاتی جیاوازیی بیروڕادا. وا چاکە ڕاجیاوازیی بە پێداگری و مکوڕی بێت و هۆکارێک نەبێت بۆ ڕەتکردنەوەی ئەوانیتر و قسە و کردەی نەرێنی لەخۆ بگرێت، دەبێت جێگرەوەی باشتر لە شوێنی بابەتە ڕەتکراوەکان پێشکەشبکرێت.

بۆ ڕێزگرتن لە جۆراوجۆری پێویستە هەموومان کارێک بکەین کە ڕۆشنبیریی ڕاجیاوازیی جێگیر بکات، بەر لە هەرشتێکیش دانان بە ئەوانیتر، بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی گفتوگۆ پەسندکردنی ئەوانی تر.

ڕاجیاوازی هەلێکە بۆ زانینی ڕای ئەوانیتر و هاندەرێشە بۆ توێژینەوەی زانستی و دیدی ئەوانیتر، بە بیرۆکەی نوێمان دەمانگەیەنێت و لە چارەسەرکردنی کێشەکان یارمەتیدەر دەبێت و لایەنی داهێنان و ئافراندنمان بەهێزتر دەکات.

## ئەرکی ماڵەوە

**ڤیان بەردەوام لەگەڵ هاوڕێکانی گفتوگۆی هەندێک بابەت دەکەن و هەرگیز لەگەڵیان ناگاتە ڕێککەوتن و لێیان زویر دەبێت، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لێیان دەتۆرێت و دوای دەگەڕێتەوە لایان و ئاشتیاندەکاتەوە.**

١. ڕەفتاری نادروست چییە؟
٢. ئایا ڕاستە ئەگەر لەگەڵ ئەوانیتر هاوڕا نەبووین لێیان زویر بین؟
٣. پێویستە ڤیان چی بکات؟
٤. ئایا دەتوانین ڕەفتاری ڤیان ڕاست بکەینەوە؟ بۆچی؟

دوای خوێندنەوە و تێگەیشتن لە گفتوگۆی نێوان ڕێبین و ساوێن، ڕووی لێکچوونی نێوانیان دەربخە؟

## سەرنجدەدەم و وەڵامدەدەمەوە

**بۆ هەر یەک لەم وێنانە دەستەواژەی گونجاو هەڵبژێرە:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانیتر | گوێنەگرتن لە ئەوانیتر | ئامۆژگاریکردنی ئەوانیتر | ڕێزگرتن لە ئەوانیتر |









**ڕاجیاوازی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ ئەوانیتر تێکنادات**

یەکەی چوارەم

## داوای لێبوردنکردن

### بیرۆکەی سەرەکی

تارا قوتابییەکی زیرەکە، لەگەڵ هاوڕێکانی ڕێز لە یەکتر دەگرن و یەکتریان خۆشدەوێت، ڕۆژێکیان بە غەمباریی و خەمۆکییەوە گەڕایەوە ماڵەوە، دایکی پرسیاری هۆکاری غەمباریەکەی لێکرد؟ تارا گوتی: ئەمرۆ بەبێ مەبەست چەند وشەیەکم لە دەفتەری سازانی هاوڕێم نووسی، ئەویش لێم زویر بوو، گوتی هیچی تر قسەت لەگەڵ ناکەم. دایکی تارا گوتی: ئەی چیدەکەیت؟ تارا گوتی: نازانم.. دایکی گوتی: بەیانی داوای لێبوردنی لێبکە لەو هەڵەیەی ڕوویداوە. تارا گوتی: بۆچی داوای لێبوردن بکەم؟ من بەبێ مەبەست ئەو کارەمکردووە. دایکی گوتی: قەیناکات، کارێکی هەڵەتکردووە، جا بە مەبەست، یان بێ مەبەست بێت، هەموو مرۆڤێکیش هەڵەدەکات، بەڵام وا جوانە دان بە هەڵەکانمان بنێین و داوای لێبوردنیش لەوانە بکەین، کە هەڵەمان بەرامبەر کردوون. تارا داوای لێبوردنی لە هاوڕێکەی کرد لەوەی ڕوویداوە، گوتی: بەڵێندەدەم هەڵەی وا دووبارە نەکەمەوە. سازان بە خەندەوە گوتی: بووراوی، تۆ هاوڕێیەکی ڕێزدار و خۆشەویستی.

### چالاکیی پۆل

قوتابیان دابەشدەبن بۆ چوار گروپ بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن دەربارەی ئەم بابەتانە:

١. گروپی یەکەم پێویستبوونی پاراستنی کەلوپەلی ئەوانیتر باسدەکەن.
٢. گروپی دووەم بیرۆکەی ڕێزگرتن لە کتێب باسدەکەن.
٣. گروپی سێیەم سوودی ئاگادار کردنەوەی دایبابمان لە کێشەکان باسدەکەن.
٤. گروپی چوارەم باس لەو شتانە دەکەن کە پێویستە بیکەین بۆ ئەوەی هەڵە نەکەین.

### وشە بۆ فێربوون

بەڵێن،
دانان بە هەڵە،
هەڕەمەکی،
دەروون.

## بیردەکەمەوە

ئەم وشانەی خوارەوە ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی پێناسەی داوای لێبوردن بکەم:




داوای لێبوردن ..............................................................................

..............................................................................

**داوای لێبوردن ئەرکێکی ئاکاریە**

## زانیارییەکانم بەهێز دەکەم

داوای لێبوردن خەسڵەتێکی جوانە، پێویستە مرۆڤ پێیەوە پابەند بێت، مرۆڤ نرخ و بەهای پێ دانابەزێت و پەیوەندیی بە گەورە وبچووکەوە نییە. هەرکەسێک هەڵە بکات پێویستە داوای لێبوردن بکات، داوای لێبوردن تەنها چەند وشەیەک نییە بگرە رۆشنبیرییە، وشە و کردارە، دەبێت بە دڵسۆزی و ڕاستگۆیی داوابکرێت بۆ ئەوەی ئەوانیتر پێی کاریگەربن.

لێرەدا هەندێک شت هەن دەبێت لە کاتی داواکردنی لێبوردن لە ڕوودانی هەڵە ڕەچاوبکرێن، نابێت داوای لێبوردن بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بێت، بەڵکو دەبێت خۆی بۆ ئامادە بکرێت. بێگومان دەبێت ئامادەییمان تێدا بێت بۆ داواکردنی لێبوردن، هەروەها دان بە هەڵەکانمان بنێین و کاتی گونجاو دەستنیشان بکەین بۆ داواکردنی لێبوردن، نابێت داواکردنی لێبوردن بۆ ماوەیەکی درێژ دوابخەین بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی لە دەست نەدات.

داوای لێبوردن ڕۆڵی خۆی لە چارەسەرکردنی گرفتەکانمان دەبینێت و پەیوەندیەکانمان پتەو دەکات، هەروەها وامان لێدەکات ڕێزی خۆمان بگرین، پشوویەکی دەروونیشمان پێدەبەخشێت.

## ئەرکی ماڵەوە

**وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:**

١. بۆچی تارا بە غەمباری و خەمۆکی گەڕایەوە ماڵەوە؟
٢. بۆچی تارا بە پێشنیازی دایکی ڕازی نەبوو، کە داوای لێبوردن لە هاوڕێکەی سازان بکات؟
٣. ئایا سازان چاکی کرد، کە داوای لێبوردنی تارای وەرگرت؟ بۆچی؟

**میر ڕاهاتووە هەمیشە هاوڕێکانی بێزار بکات، هەر زووش پەشیمان دەبێتەوە و داوای لێبوردن دەکات و بە پێکەنینەوە دەڵێت: گاڵتەم دەکرد!**

١. ڕەفتاری نەشیاو چییە؟
٢. ئایا ڕاستە هەتا بە گاڵتەش ئەوانیتر بێزار بکەین؟
٣. پێویستە میر چی بکات؟

## سەرنجدەدەم و وەڵامدەدەمەوە

بۆ هەر یەک لەم وێنانە دەستەواژەی گونجاو هەڵبژێرە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| داوای لێبوردنکردن | هەراسانکردنی ئەوانیتر | هەستکردن بە ئاسوودەیی | خۆشیی و بەختەوەری |









**داوای لێبوردن بەڵگەی ڕیزگرتنە لە ئەوانیتر**

## بەشی چوارەم

# بەهاکان (بەها کۆمەڵایەتییەکان)

١ بوێری

٢ جێبەجێکردنی بەڵێنەکان

٣ خاکەڕایی

٤ ئارامی



### ماوەی جێبەجێکردن

٤ ژمارەی هەفتە

٨ ژمارەی بەشەوانە

# ئامانجەکانی فێربوون

١- قوتابی واتای بوێری و گرنگیی و شێوەکانی فێردەبێت.

٢- ناوی ئەو بابەتانە دەڵێت کە بوێری بە مرۆڤ دەبەخشن.

٣-واتای جێبەجێکردنی بەڵێنەکان و گرنگییەکەی و هۆکارەکانی دەزانێت.

٤- لێکەوتە نەرێنییەکانی بێ بەڵێنی وەسفدەکات.

٥- واتای خاکەڕایی و شێوەکانی دەزانێت و ئاماژەکانی شیدەکاتەوە.

٦- لە گرنگیی خاکەڕایی وسادەیی تێدەگات و ئەو ڕێگەیانەش باسدەکات کەوا لە مرۆڤ دەکەن خاکەڕا و سادە بێت.

٧- واتای ئارامی و ئەو وێنانەی ئاماژەی پێدەکەن دەزانێت.

٨- ئەو ڕێگەیانە ڕووندەکاتەوە، کە مرۆڤ فێری ئارامی دەکەن.

یەکەی یەکەم

## بوێری

## بیرۆکەی سەرەکی

هێڤی قوتابییە لە پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی. حەزی لەخوێندنەوەی کتێبە ئەدەبییەکان و چیرۆک و شیعر نووسینە و هەوڵەکانی چیرۆک و شیعر نووسینی پیشانی مامۆستای زمانی کوردی دەدات، مامۆستاش بۆی ڕاستدەکاتەوە. ڕۆژێکیان مامۆستا داوای لە هێڤی کرد، تا بە خوێندنەوەی شیعرێک لە ئاهەنگێکی ئەدەبی بەشداریبکات، کە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە سەرپەرشتی دەکات، بەڵام هێڤی داوای لێبوردنی کرد و گوتی کە شەرمدەکات لە بەرامبەر کۆمەڵێکی زۆری مامۆستا و قوتابییان شیعر بخوێنێتەوە. مامۆستاکەی پێی گوت: پێویست بە شەرم ناکات! بەڵام هێڤی مکوڕبوو لە هەڵوێستەکەی، بە غەمگینی و خەمۆکییەوە گەڕایەوە ماڵەوە. کاتی باوکی هۆکاری غەمگینیەکەی لە هێڤی پرسی، ئەویش گوتی کە حەز لە نووسینی شیعر و خوێندنەوەی دەکات، بەڵام شەرمدەکات لەو ئاهەنگە کە مامۆستاکەی داوای لێکردووە شیعر بخوێنێتەوە. باوکی پرسی: دەتوانی لەبەرامبەر ئەندامانی خێزانەکەی خۆمان شیعرێک بخوێنیتەوە؟ گوتی: بەڵێ. باوکیشی گوتی: خۆت تاقیبکەوە. ئەندامانی خێزانەکەیان کۆبوونەوە بۆ ئەوەی گوێ لە هێڤی بگرن، هێڤیش بێ دوودڵی هۆنراوەکەی خوێندەوە. کە تەواوبوو، هەموویان چەپڵەیان بۆ لێدا. باوکی گوتی: وایدابنێ ئەوانەی لە ئاهەنگە ئەدەبییەکە دانیشتوون ئەندامانی خێزانەکەمانن، بوێر بەو دوودڵ مەبە. هێڤی بەڵێنی بە باوکی دا کە بوێربێت، ڕۆیشت بۆ ئاهەنگەکە و بە شیعرێکیش بەشداریکرد و دوو خەڵاتی ڕێزلێنانیش وەرگرت، کە یەکێکیان هی بەشداربووان و ئەو تریش هی قوتابخانە بوو.

## چالاکیی پۆل

پ١ هێڤی ئارەزووی لە چی بوو؟

پ٢ بۆچی هێڤی هەندێک نووسینەکانی پیشانی مامۆستای زمانی کوردی دەدات؟


پ٣ کە باوکی هێڤی پرسیاری هۆکاری غەمگینییەکەی لە هێڤی کرد، چی پێگووت؟

## وشە بۆ فێربوون

دەستپێشخەری،
ئەرێنییبوون،
دڵەڕاوکێ،
ڕاشکاوی،
ڕادەربڕین.

## بیردەکەمەوە

ئەم وشانەی خوارەوە ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی پێناسەی بوێری بکەم:




بوێری ..........................................................................................

..........................................................................................

**به بوێری مافەکانمان دەپارێزین**

## زانیارییەکانم بەهێز دەکەم

لەدوای ئەوەی چیرۆکی (هێڤی)مان خوێندەوە بۆمان دەرکەوت، کە بوێریی سوودی زۆرمان پێدەبەخشێت وەک: هەستی متمانە بەخۆکردن، گەیشتن بە ئامانج، هەستکردن بە بەختەوەری، ئەمەش لە ژیانی مرۆڤدا گرنگییەکی زۆری هەیە.

بوێریی تەنها لە هەڵوێستێکی دیاریکراو کۆناکرێتەوە، یان لە وێنەیەکدا دەرناکەوێت، بەڵکو لە شێوازی جۆراوجۆر کە زۆر هەڵوێست دەگرێتەوە دەردەکەوێت. بۆ نموونە: دانان بە هەڵە، بەرگەگرتنی ژانی نەخۆشی، ناخۆشی بینین، شەونخونیکردن لە گەڕان بەدوای زانست... هیتر.

پێویستە ئەوە بزانین کەوا بوێریی مەرجی دیاریکراوی خۆی هەیە، دەبێت پێیەوە پابەند بین وەک: دەستپێشخەری و دوودڵنەبوون، ئەرێنیبوون و خۆدەربازکردن لە بیرۆکەی نەرێنی و تووڕەبوون، دورکەوتنەوە لە دڵەراوکێ، بەرگریکردن لە مافەکان، ڕاهێنانی دەروون بەوەی ڕاشکاوانە ڕای خۆمان دەربڕین.

## ئەرکی ماڵەوە

**دوای خوێندنەوەی چیرۆکی هێڤی:**

١. سێ سوودی خوێندنەوە بژمێرە؟
٢. بە هاوکاریی ئەندامێکی خێزانەکەت سێ سوودی بەشداریکردن لە ئاهەنگە ئەدەبی و زانستییەکان بژمێرە؟
٣. چۆن گەشە بە گرنگییدانمان بە هەندێک بابەت دەدەین؟

ئەو سوودانە بە بوێری بەدەست دێن، ڕوونبکەوە؟

بە هاوکاریی ئەندامێکی خێزانەکەت سێ نموونە کە بوێری بنوێنن باس بکە؟

**مرۆڤی ئازا جێگەی ڕێزگرتنی ئەوانیترە**

**سەرنجدەدەم و وەڵامدەدەمەوە** **بۆ هەر یەک لەم وێنانە دەستەواژەی گونجاو هەڵبژێرە:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەستکردن بە بەختەوەری | بیرۆکەی نەرێنی | دڵەڕاوکێ | متمانە بە خۆکردن |









## یەکەی دووەم

# جێبەجێکردنی بەڵێنەکان

## بیرۆکەی سەرەکی

ڕەوا قوتابی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتییە، یەکێک لە خەسڵەتە هەرە جوانەکانی جێبەجێکردنی بەڵێنەکان. ئەو لەناو هاوڕێکانی بەوە دەناسرێتەوە، کە هەرگیز بەڵێن ناشکێنێت! لەبەر ئەوە بۆتە جێگەی ڕێز و خۆشەویستی هەمووان. ئەو بەڵێنەکەی کە دەرچوون و سەرکەوتنە لە خوێندن بە دایبابی داوە، جێبەجێیدەکات، لەبەر ئەوە زۆریان خۆشدەوێت و لە کۆتایی هەموو ساڵێک خەڵاتیدەکەن. هەروەها بەو بەڵینە، کە سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قوتابخانە بە مامۆستاکانی داوە، جێبەجێدەکات لەبەر ئەوە زۆریان خۆشدەوێت، هەموو ساڵێکیش خەڵاتی ڕێزلێنانی پێشکەشدەکەن، هەروەها پابەندە بەو بەڵێنانەی بە هاوڕێکانی دەدات لەو هەلوێستانەی کە پێویستە جێبەجێیان بکات، هانی هاوڕێکانیشی دەدات کە بەڵێنەکانیان جێبەجێی بکەن.

## وشە بۆ فێربوون

هاندان،
بەڵێندان،
شایانبوون،
ئاخاوتن.

## چالاکیی پۆل


پ١ ئەو خەسڵەتە چییە کە ڕەوای پێدەناسرێتەوە؟

پ٢ بۆچی ڕەوا بۆتە جێگەی ڕێز و خۆشەویستی ئەوانیتر؟

پ٣ ڕەوا بەڵێنی چی بە دایکوبابی دا؟

پ٤ ڕەوا بەڵێنی چی بە مامۆستاکانی دا؟

**بیردەکەمەوە** ئەم وشانەی خوارەوە ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی پێناسەی جێبەجێکردنی بەڵێنەکان بکەم:




جێبەجێکردنی بەڵێنەکان ..........................................................................................

..........................................................................................

**جێبەجێکردنی بەڵێنەکان خەسڵەتێکی جوانە**

## زانیارییەکانم بەهێز دەکەم

دوای ئـەوەی چیرۆکـی ڕەوامـان خوێنـدەوە، پێویسـتە بیکەیـن بـە نموونـەی بـاڵای هەڵسوکەتمان، چونکـە ئـەو خەسـڵەتە جوانـەی کـە پێـی دەناسـرێتەوە، جێبەجێکردنـی بەڵێنـەکان دەبێتـە هـۆی چەسپاندنی پرەنسیپی لـە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی و تاک ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی هەڵگرێـت. ئـەوەی بەڵێنەکانیـش جێبەجێبـکات دەبێتـە جێگـەی ڕێـز و خۆشەویسـتی، سـەرباری ئـەوەی، ئـەو مرۆڤـەی بەڵێـن جێبەجێـدەکات ڕاستگۆیە.

بۆ ئـەوەی بتوانیـن بەڵێنەکانمـان بەجێبگەیەنیـن، دەبێـت بـە ئـازا و دڵسۆز و هەڵبژاردنـی هاوڕێـی بناسـرێینەوە، ئـەوەی شـایانی وەبیرهێنانەوەیـە پابەنـد نەبـوون بـە بەڵێـن شـوێنەواری نەرێنـی زۆری لێدەکەوێتـەوە، تـا دەگاتـە ئـەو ئاسـتەی مـرۆڤ متمانـە لەدەسـت بـدات. بـە شـێوەیەکی وا بـە ئاخاوتنەکانـی دەناسـرێتەوە کـە ڕاسـتگۆنییە، لـە کۆتـایـدا پێوسـتە مـرۆڤ ئـەو بەڵێنـە بـدات، کـە دەتوانێـت جێبەجێـی بـکات و دوور بکەوێتـەوە لـەو بەڵێنانـەی لـە توانـای خـۆی گەورەتـر و زیاتـرن.

## ئەرکی ماڵەوە:

شـاناز بـەوە ناسـراوە کـە زۆر بەڵێـن بـە کەسـوکار و هاوڕێکانـی دەدات، بـەڵام جێبەجێیـان نـاکات، هەمـوو جارێکیـش کـە ناتوانـێ پابەنـد بێـت بـە بەڵێنەکانـی غەمگیـن دەبێـت.

١. ڕەفتاری نادروست چییە؟
٢. ئایا ڕاستە بەڵێنبدەین و جێبەجێی نەکەین؟
٣. پێویستە شاناز چی بکات؟
٤. ئایا دەکرێت ڕەفتاری شاناز چاکبکرێت؟ بۆچی؟

دوای خوێندنەوەی چیرۆکی ڕەوا:

١. هەندێک سیفەت هەیە وا لـە مرۆڤ دەکات ببێتـە مایـەی ڕێز و خۆشەویستی خەڵکی تر؟ دوو لـەو خەسـڵەتانە باسبکە؟
٢. بـە هاوکاریـی یەکێـک لـە ئەندامانـی خێزانەکـەت سـوودی خۆشەویسـتی و ڕێزگرتـن لـە ئەوانیتر شـیبکەوە.

**سەرنجدەدەم و وەڵامدەدەمەوە** بۆ هەر یەک لەم وێنانە دەستەواژەی گونجاو هەڵبژێرە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| هاوڕێیەتی | ڕێزلێنانی قوتابخانە | ڕێزگرتن لە ئەوانیتر | بەدەستهێنانی خەڵاتی دایک و باوک |









ئەوەی پابەندی بەڵێنەکانی بێت، ئەوانیتر ڕێزی لێدەگرن

یەکەی سێیەم

## خاکەڕایی

### بیرۆکەی سەرەکی

ئەو کاتەی مامۆستا ئازاد باسی خاکەڕایی بۆ قوتابییەکانی دەکرد، داوای لە قوتابییان کرد کە هەندێکیان نموونە بۆ خاکەڕایی، کە یەکێکە لە ڕەفتارە جوانەکان، بهێننەوە. وا چاکە هەموومان خاکەڕا بین.

**ئارام:** ڕێز لە گەورە بگرین و بچوکمان خۆشبووێت، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت بەها بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵ دابنێین و ڕێزی بگرین.

**لانە:** سڵاوکردن لە هەموو کەسێک، واتا خۆشەویستی و ڕێز لە ئەوانیتر بگرین.

**هاوار:** میانڕەوی لە خواردن و خواردنەوە، ئەمەش واتای گرنگییدانە بە تەندروستیمان.

**لاڤان:** ڕەخنە لە کەموکوڕیی ئەوانیتر نەگرین، ئەمەش ڕەنگدانەوەی پەروەردەمانە.

**سەفین:** میهرەبانی لەگەڵ بێ باوانەکان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەستیاریمان، کە پێویستە ڕەچاوی ئەوانیتر بکەین و هەست بە ئازارەکانیان بکەین.

**میدیا:** لە ئاخاوتن دەنگمان نزم بکەینەوە، واتا دەبێت لە گفتوگۆکردندا نەرم و ئارام بین.

**هاوڕێ:** لە ڕۆیشتن هێمن و بە شکۆ بین، کە ڕەنگدانەوەی ڕێز لە خۆگرتنمانە.

**شاهۆ:** یارمەتی ئەوانیتر بدەین، ئەمەش واتای ڕێزدانانە بۆ گیانی هاوکاریکردن.

مامۆستا ئازاد سوپاسی قوتابییەکانی کرد بۆ ئەو بەشداریکردنە و گوتی: ئێستا زۆر شت لە بابەت خاکەڕایی دەزانین... سوپاس بۆ ئێوە.

### وشە بۆ فێربوون

میانڕەوی،
ڕەخنەگرتن،
هاوکاری،
شانازیکردن،
دەستەبەری.

### چالاکیی پۆل

ئەم وێنانەی خاکەڕایی ئاماژە بە چی دەدەن؟

١. ڕێز لە گەورە بگرین و سۆز و خۆشەویستی بۆ بچووک دەربڕین.
٢. لە خواردن و خواردنەوە میانڕەوی.
٣. میهرەبانی لەگەڵ بێ باوانەکان.
٤. لە ڕۆیشتن هێمن و بە شکۆ بین.
٥. سڵاو لە هەموو کەسێک بکەین.

## بیردەکەمەوە

ئەم وشانەی خوارەوە ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی پێناسەی خاکەڕایی بکەم:




**خاکەڕایی** ................................................................................................

................................................................................................

**با خاکەڕایی بکەین بە سەرمەشقی ژیانمان**

## زانیارییەکانم بەهێز دەکەم

بێگومان خاکیبوون و سادەیی سوودی زۆری هەیە، مرۆڤ لە خۆپەسنین لە کاتی ئاخاوتن و شانازیکردن بە کارەکانی دووردەکاتەوە و پێویستی بە پێداهەڵگوتن نییە. کار لە پێناوی گونجان و هەماهەنگی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵ دەکات و هەوڵدەدات گیانی خۆشەویستی و دەستەبەری فەراهەم بکات.

کۆمەڵێک شێواز هەن، بۆ ئەوەی مرۆڤ خاکەڕا و سادە بێت: وەک ناسینی نەنگییەکانی خۆمان، ڕێزگرتن لە بەهرەی ئەوانیتر، وەرگرتنی ئامۆژگاری، باوەڕبوون بەوەی بەردەوام پێویستمان بە فێربوونی زیاتر و نوێتر هەیە، تووڕەنەبوون، مامەڵەی جوان لەگەڵ خەڵک .

## ئەرکی ماڵەوە:

دوای خوێندنەوە و تێگەیشتن لە پێناسەی خاکەڕایی:

١ ئەو دوو بنەمایەی کە پێویستە لە خاکەڕاییدا هەبن بریتین لە ..........و...............

٢ پێویستە مرۆڤی خاکەڕا دووربکەوێتەوە لە...............و..........لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانیتر.

شادی بەوە ناسراوە کە هەمیشە بەتوندی ڕەخنە لە نەنگیی ئەوانیتر دەگرێت، هەر ئەوە نا بەڵکو بەدوای نەنگییەکانی خەڵکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی ئاشکرایان بکات و بیانشکێنێتەوە.

١ ڕەفتاری نەشیاو چییە؟

٢ ئایا مافی ئەوەمان هەیە بەدوای نەنگییەکانی خەڵکدا بگەڕێین؟

٣ ئەرکی شادی بەرامبەری ئەوانیتر لەم کاتەدا چییە؟

ئەو شێواز و ڕێگەیانە چین، کە مرۆڤ والێدەکەن خاکەڕا بێت؟

**سەرنجدەدەم و وەڵامدەدەمەوە** بۆ هەر یەک لەم وێنانە دەستەواژەی گونجاو هەڵبژێرە:

| ڕێزگرتن لە گەورە | یارمەتیدانی ئەوانیتر | میهرەبانی لەگەڵ بچووک | سڵاوکردن لە ئەوانیتر |
|---|---|---|---|









**خاکەڕایی نیشانەی ئاکار بەرزییە**

یەکەی چوارەم

# ئارامی

## بیرۆکەی سەرەکی

کاروان قوتابی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتییە، ئێوارەیەک، خەریکبوو کتێب و دەفتەرەکانی ڕێکدەخست و ئامادەی دەکردن بۆ ڕۆژی دواتر کە دەڕواتە قوتابخانە. تێبینیکرد کەوا کتێبی بیرکاری لەناو کتێبەکانیدا نییە. ئەویش زۆر پەشۆکاو هاواریدەکرد و دەیگوت: ئەی کتێبی بیرکارییەکەم لە کوێیە؟ چۆن بڕۆم بۆ قوتابخانە؟ دایکی کاروان بە پەلە هات، تاکو بزانێت کوڕەکەی چی بەسەرهاتووە؟ ویستی ئارامی بکاتەوە، بەڵام بێ سوودبوو.

دایکی کاروان گوتی: کوڕەکەم ئارام بە، هاوارکردن سوودی نییە، هەوڵبدە بیرخۆت بهێنییەوە بزانیت کتێبەکەتدا لە کوێ داناوە. کاروان گوێی بە دایکی نەدا و بەردەوامبوو لەشێواوی و هاوارکردن، دایکی کاروان پێکەنی و بە کوڕەکەی گوت: ئەوا من بەجێتدەهێڵم تاکو ئارامدەبیتەوە... ئینجا بەیەکەوە بە دوای کتێبەکەدا دەگەڕێین.

دایکی کاروان ڕۆیشت، دوای کاتژمێرێک کاروان هات، بە هێمنی لە دایکی پرسی: دایکە با بەیەکەوە بۆ کتێبی بیرکارییەکەم بگەڕێین. دایکی لەگەڵی ڕۆیشت و هەر کە دۆلابی کتێبەکانی کردەوە بینی کتێبەکە لەناو کتێبەکانی تریەتی. کتێبەکەی دایە کوڕەکەی و پێیگوت: ئەمە کتێبی بیرکارییە، خۆت شێواند و هاوارتکرد، بەڵام نەتبینییەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە خۆشێواندن و هاوارکردن هیچ سوودێکت پێنابەخشێت. ئەگەر هەر لە سەرەتا گوێت لە ئامۆژگاریەکەم بگرتایە و بە یەکەوە بەدوای کتێبەکە بگەڕاینایە دەماندۆزییەوە، بەڵام تۆ پەلەتکرد و بەدوایدا گەڕایت لەبەر ئەوە نەتدۆزیەوە، ئەگەر نەختێک ئارام بووبایت دەتدۆزیەوە.

ئەمەش وانەیەکی بە سوودبوو، کاروانی فێرکرد کە ئارامگرتن کلیلی خۆشی و چارەسەرە.

## چالاکیی پۆل

پ١ بۆچی کاروان کتێب و دەفتەرەکانی ڕێکدەخست؟

پ٢ کاروان کاتی کتێب و دەفتەرەکانی ڕێکدەخست تێبینی چی کرد؟


پ٣ دایکی کاروان لە کوێ کتێبی بیرکاری دۆزییەوە؟

## وشە بۆ فێربوون

بیرکردنەوە،
ویستن،
بەهێزیی،
پێداگیری.

## بیردەکەمەوە

ئەم وشانەی خوارەوە ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی پێناسەی ئارامی بکەم:




**ئارامی** ........................................................................................................

........................................................................................................

**بە ئارامی و کۆششکردن، بە ئامانجەکانمان دەگەین**

## زانیارییەکانم بەهێز دەکەم

ئارامی خەسڵەتێکی جوانی مرۆڤە لە کاتی بەجێهێنانی ئەرک و پابەندبوونی خێزانی و قوتابخانە، بەرگەی نەخۆشیی و تەنگانە، قەیرانەکان، دەرکەوتەکانی شەڕ دەگرێت، هەروەها بەرگەی ئازار و هەوڵی ئەوانیتر بۆ وروووژاندنی تووڕەبوونی مرۆڤ دەگرێت.

ناتوانین بڵێین هیچ مرۆڤێک لە سروشتی خۆیدا ئارامە و ئەویتر نائارامە، کەواتە لە توانای هەموو مرۆڤێکدایە لە ڕێگەی متمانە بەخۆبوونەوە ئارام بێت، بە شێوەیەکی ئارام و بەبێ هەڵچوون و بیرکردنەوەی ژیرانە دوورکەوتنەوە لە شپرزەبوون کارەکانی ڕاییبکات.

ئارامی توانای بەرگەگرتنی هەڵوێستە قورسەکان بە مرۆڤ دەبەخشێت، فێری خواست و ویستی بەهێز و پێداگری و سوربوونی دەکات، لەگەڵ هێمنی و ئۆقرەیی ڕایدەهێنێت، بەرووبوومی ئارامی مرۆڤ لە نەخۆشی دەپارێزێت، کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەی زۆر دووچاری دەبێت.

## ئەرکی ماڵەوە

دوای ئەوەی چیرۆکی کاروانت خوێندنەوە:

1. بە هاوکاریی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت، سێ سوودی ڕێکخستنی کتێب و دەفتەرەکانت بەر لەوەی بچیت بۆ قوتابخانە بژمێرە؟
2. دوو هۆکار ڕوونبکەوە، بۆ ئەوەی لەگەڕان بەدوای شتومەک پەلەنەکەیت؟
3. بۆچی پێویستە گوێ لە ئامۆژگاری دایکوباوکمان بگرین؟
4. پێویستە لە کاتی ونکردنی شتومەکدا چۆن هەڵسوکەوت بکەیت؟

سوودەکانی ئارامی بژمێرە؟

**ئارامی ئۆقرەیی و دڵنیایمان پێدەبەخشێت**

## سەرنجدەدەم و وەڵامدەدەمەوە

بۆ هەر یەک لەم وێنانە دەستەواژەی گونجاو هەڵبژێرە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەرگەی نەخۆشیگرتن | بەجێهێنانی ئەرکەکانی خێزان | بەجێهێنانی ئەرکەکانی قوتابخانە | بەرگەی هەوڵی ورووژاندنی توورەبوون |









**ئارامی فێرمان دەکات، ویستمان بەهێز بێت**


پاراستنی ژینگە..
پاراستنی نیشتیمانە


دەست لەناو دەست
لە پێناوی کوردستان

## پارێزگاری لە کێشی تەندروست بکە..
## تەندروستیت جێگەی بایەخمانە

# کێشی زۆر




**بۆ ئەوەی کێشێکی تەندروستمان هەبێت پێویستە:**

- وەرزش بکەین.
- خۆراکی تەندروست بخوێن.
- کاتی نووستنمان ڕێکبخەین.
- زۆر ئاو خواردن.
- دوورکەوتنەوە لە شلەژان.
- دوورکەوتنەوە لە دانیشتنی زۆر لە دیار تەلەڤزیۆن و يارييە ئەلیکترۆنییەکان.

**وەرزشکردن.. خۆپاراستنە**


فەرامۆشکردن و
خەمخواردن
وەرزشکردن
تۆ خاوەن بڕیاری


ڕەفتاری
نەشیاو
دەبێت شۆفێر و پیادە
ئەرک و مافی یەک بزانن


هێماکانی هاتوچۆ
ئاگاداربە
هاتوچۆی ڕووبەڕوو
پابەندبوونی ڕەها (پێشڕەوی بۆ تۆ نیە)
تەسکبوونەوەی شەقام لە لای ڕاستەوە
تەسکبوونەوەی شەقام لە هەردوولا
تەسکبوونەوەی شەقام لە لای چەپەوە
ڕێگەی خلیسک لە پێشەوەیە
مەترسی قەرەباڵغی لە پێشەوەیە
مەترسی هەرەسهێنان
لەکاتی پەڕینەوەدا
مۆبایل بەکار مەهێنە

# بۆ خوێندنەوە؟

- بۆ ئەوەی سەرکەوتووبم
- بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانم
- بۆ پەرەپێدانی زمانەکەم
- بۆ زیادکردنی زانیارییەکانم
- بۆ باوەڕ بەخۆبوونم
- بۆ ئاسانی و چێژوەرگرتن



## خوێنەری ئەمرۆ... سەرکردەی سبەی



## خوێندنەوە پێوەری پێشکەوتنی گەلان



قوتابی خۆشەویست:
زۆر خوێندنەوە دەبێتە هۆی زیادکردنی تواناکانی شیکردنەوە و بەستنی شتەکان بە یەکترییەوە وتوانا بۆ تێگەیشتن بە شێوازێکی خێراتر



# ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام






## ٨

## ئامانجی هەشتەم
## کاری ڕێکوپێك و گەشەی ئابووری

ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام هانی گەشەکردنی بەردەوامی ئابووری و ئاستی بەرزتری بەرهەمهێنان و نوێگەریی لە تەکنۆلۆژیادا دەدات. هاندانی کارسازیی و دروستکردنی هەلی کار لایەنێکی سەرەکییە بۆ ئەم بابەتە، هەروەها پێوەر و ڕێوشوێنی کاریگەر بۆ ڕیشەکێشکردنی کاری بەزۆر و کۆیلایەتی و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بەهەمان شێوە کاری سەرەکین. بە لەیادبوونی ئەم چینانە، ئامانجمان بریتیە لە وەدەستهاتنی خستنەسەرکاری تەواوەتی و بەرهەمدار و کاری ڕێکوپێک و شیاو بۆ گشت خانمان و پیاوان تا ساڵی ٢٠٣٠.

## ٩

## ئامانجی نۆیەم
## پیشەسازی، داهێنان، ژێرخان

بەرەوپێشچوونی تەکنۆلۆژیا لایەنێکی سەرەکییە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری درێژخایەن بۆ ئاستەنگی و بەرەنگاریە ئابووریەکان و ژینگەییەکان، وەکو دابینکردنی کاری نوێ و هاندانی باش بەکارهێنانی وزە. هاندانی پیشەسازییە بەردەوامەکان و وەبەرهێنان لە لێکۆڵینەوە و داهێنانی زانستییدا هەموو ڕێگەی گرنگن بۆ ئاسانکردنی پەرەپێدانی بەردەوام تا ساڵی ٢٠٣٠.

unicef

ئەم پرۆگرامە بە سپۆنسەری
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان ( یونیسێف ) ئامادەکراوە